# شوناسی ئیسلامی-کوردی لەبەردەم هەژەمۆنی شوناسی ئیسلامی- هاوردەدا
# لەڕوانگەی بیرمەندو هزرڤانانی زانستی کۆمەڵناسی ئایندا


**هیوا موسا ڕەحیم**

Hiwamusa46@gmail.com

**خوێندکاری دکتۆرا -لەبواری ئاشتی و ململانێی نێودەوڵەتی**

**زانکۆی جاومەی لەوڵاتی ئیسپانی**


**ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاو کردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠**


**پوختە**

کورد یەکێکە لە دێرینترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک زاگرۆس-نشینێک خاوەنی کلتورێکی دەوڵەمەندە لە فکرو ئەفسانە، بەجۆرێک ئەو خاوەن دین وباوەڕو ئۆلی تایبەت بەخۆیەتی کە بە هەموویانەوە شوناسی کوردیان دروستکردوە. ئەم شوناسە کاریگەری خۆی لەناو ئاینی ئیسلامیشدا بەجێ هێشتوەو تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەجۆرێک لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا بۆ کوردستان، کوردەکان شوناسە ئولیەکەی خۆیان وننەکردوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە فۆرمێک لە ئیسلامیان دروستکردوە کە جودایە لەو فۆرمە ئیسلامەی کە لە ناو نەتەوەکانی وەک عەرەب, فارس ,تورک و نەتەوە موسوڵمانەکانی کەدا هەیە، کە ئێمە لەم تویژینەوەیەدا بە (ئیسلامی کوردی) ناوی دەبەین. لەم بارەوە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بە پشت بەستن بە تیۆری کۆمەڵناسی دین لە ئیسلامی کوردی بکۆڵێتەوە، دەخوازێ لایەنە زانستی و ئەکادیمییەکەی ئەم چەمکە ڕونبکاتەوە لەناو کایەی زانستی دینناسیدا، بەتایبەتیش ئیسلامناسیدا. دواتر ئەم تویژینەوەیە دەخوازێت بەپشت بەستن بەسیانەی داگیرکاری ,دەسەڵات و هەژەمۆنیەت لەو مەترسیانەش بدوێ کە ئیسلامی هاوردە وەک ئیسلامێکی نامۆ دەخوازێت هەژەمۆنیەتی خۆی بەسەر ئیسلامی-کوردیدا بکات. بە پشت بەستن بە میتۆدی کۆمەڵناسی دین و دواتر میتۆدەکانی دەسەڵات و داگیرکاری لەلای فۆکۆو هەروەها تیۆری هەژەمۆنیەت لای گرامشی ئەم توێژینەوە ڕەخنە لەو ڕوانگە ئیسلامیە شەریعەتیە ڕوتە دەگرێت، کە ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی و سەلەفیەت ئاڕاستەی دەکەن، بەجۆرێک لەسەرێکەوە دەیانەوێ ئیسلام بخەنە ڕوو وەک یەک گوتارو یەک فۆرم لەکاتێکدا دروست ئەوەیە کە ئەوەی هەیە لەناو کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا ئیسلامی کلتورییە لەنێویشیدا ئیسلامی کوردی وەک فۆرمێکی ئیمانداری کوردی ناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان نکۆڵی لێ نە کراوە، بەجۆرێک ئێمە دەتوانین فۆرمی ئیسلامی-کوردی لە ڕەوشت و بەهاو تاکی موسوڵمانی کوردیدا بدۆزینەوە، کە ئەو ڕەفتارانە لەگەلانی تری موسوڵماندا نایدۆزینەوەو درکی ناکەین، لەسەرێکیکەوە دەخوازن هەژەمۆنیەتی ئیسلامی هاوردە بکەن بەسەر ئیسلامی کوردیداو کۆی ئەو دەرکەوتەو بنەمایانە بسڕنەوە کە ئیسلامی کوردی وشوناسی ئیسلامی کوردیدا خۆی تێدا دەرخستوە و مانیفستۆ کردوە.

لە ناساندنی ئەم توێژینەوەیەدا باس لە چوارچێوەو بەشەکانی ئەم تویژینەوەیە دەکرێت هەروەها لە میتۆدی ئەم تویژینەوەیەدا میتۆدی کۆمەڵناسیی دین و ئەو میتۆدانەی تر دەخرێنە ڕوو کەهاوکار بون لە دۆزینەوەو ناساندی ئیسلامی کوردیدا. لەچاپتەری یەکەمدا لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی دین و شوناس پەیوەندیەکانی نێوان دین شوناس دەکرێت، دواتر باس لە شوناسی ئیسلامی کوردی دەکرێت لەڕوی زانستیەوە ئەم چەمکە ڕوندەکرێتەوە، هەروەها لە چاپتەری دوەمدا ئیسلامی هاوردە وەک چەمکێکی نوێ شیدەکرێتەوە و مەترسیەکانی ئەم فۆرمە لە دینداری بۆ سەر کۆمەڵگای کوردی دەخرێتە ڕوو. لەبەشی کۆتایشدا لە ڕاسپادەکاندا ڕاسپاردەی خۆمان دەخەینە ڕوو ، وەک چارەسەرییەک بۆ کێشەکە.

**کلیلی وشەکان**. ئیسلام ، ئیسلامی کلتوری/ ئیسلامی کوردی، شوناس، ئیسلامی سیاسی، سەلەفیزم، فەلسەفەی ئیسلامی ، سۆفیزم،دەسەلأت و هەژمۆنیەت.

**ناوەڕۆک**

پێشەکی / ناساندن..........................................................................5
کێشە ....................................................................................8
گرنگی....................................................................................9
ئامانج....................................................................................10
میتۆد....................................................................................10-11
چاپتەری یەک.......
- شوناس و شوناسی ئیسلامی کورد..............................12- 13
- ئایا شوناسی ئیسلامی کوردی بابەتیکی زانستی یە.................... 14- 19
● ئینرسنت گێلنەر، ڕوانینێک لە دیالکتیکی شارو خێڵ/ ئیسلامی نزم و ئیسلامی باڵآ
● فەرید زەکەریا، ئەفغانستان و گواستنەوە لە ئیسلامی گوندەوە بۆ ئیسلامی شاری ● توگرول کەسکین.
سۆسۆلۆژیای ئیسلام لەبری شەریعەتی ئیسلامی
● ئۆلیڤەر ڕوا لە ئیسلامی ناوکلتورەوە بۆ ئیسلامی دەرە- کەلتور
● بنەما و دەرکەوتەکانی شوناسی ئیسلامی کوردی.............................. 20
چاپتەری دووەم...
● شوناسی ئیسلامی هاوردە وەک هەژمۆنیەت................................ 23
● ئاڵۆزبوونی شوناس و مەترسیەکانی شوناسی ئیسلامی هاوردە 25
- دەرئەنجامەکان...........................................................................27
- ڕاسپاردە...............................................................................29
- لیستی سەرچاوەکان ....................................................................... 30

- **ناساندن**

ئەگەرچی لەدوای جەنگی دووەمی جهیانییەوە ئاین بوو بە جێگەی مشتومڕی کۆمەڵناسان، بەڵام هێشتا بەپێی پێویست بیری لێ نەدەکرایەوە، لەم بارەوە هەردوو بیریار سوسێن و تورنەر باوەڕیان وایە کە کۆمەڵناسەکانی وەک (لیوس ئالتوسیر، لیوس بۆلتانسکی و نۆربەریت ئیۆیاسو ، ئەنتۆنی گیدنسو ، ئیدوارد سەعید) یان کایەی دینیان پشتگوێ دەخست یان کەمترین سەرنجیان لەسەر دەدا، وەک ئەوەی کە پێویست بوو مامەڵەی لەگەڵ بکەن وەک سوژەیەکی ناوەندی و گرنگ لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، لەم نێوەندەدا تەنها فەیلسوف و کۆمەڵناسێک کە بە بەجدی بیری لەئاین کردەوە میشێل فوکۆ بوو، بەجۆرێک کە ئەو فەیلەسوفە گرنگی بەردەوامی هە بوو لەسەر دین، بۆ نمونە لەو وتارانەی لەسەر فێرکردنی مەسیحی سەدەکانی ناوەراست، هەروەها بۆچونەکانی لەسەر شۆڕشی ئێرانییەکانی ساڵی ١٩٧٩، کە لەکاتی خۆیدا بڵاوی کردەوە. بەڵام ئەمڕۆ دیبەتی زۆر گەورە هەیە لە ناوەندە ئەکادیمیەکان لەسەر دین، چونکە پەیوەندیەکانی دین بە کلتور، بە ئاشتی، بە تیرۆر و...... هتد. زۆر جێگەی سەرنجە. ئەم ئاوڕدانەوەیە لە دین پەیوەندی بە گواستنەوەی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی هەیە لە دونیای مۆدێرندا، کە ئەمانە هەمویان دینیان وەک دەزگایەک خستۆتە ناوەندی کۆمەڵگای مۆدێرنەوە. بە بڕوای سوسێن و تورنەر "دین ئەمڕۆ وەک بابەتێک کە پەیوەندیەکی نزیک بە شوناسی ئاینیەوە دەرکەوتوە، وە بوتە هێزێکی کاریگەرو ئاراستەکار لەپشت بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان وەک خێرخوازی، نەتەوەپەرستی هندی و بودییەوە". Susen, S., & Turner, B. S. (Eds.). (2011,p,223).

ئەگەر چی تیۆرناسانی دوای جەنگی جیهانی دووەم زیاتر تەرکیزیان لەسەر سیکیولاریزم بوو لەگەڵ مۆدێرنیزمدا، کەمتر بایەخیان بە دین دەداو وە باوەڕیان وابوو مومکینە جارێکیتر دین بتوانێت وەک ئایدلۆژیایەکی کاریگەر دەرکەوێتەوە لە ڕۆژئاوادا. ئەڵبەت بەڕای سیمون چەند هۆکارێک هەبوو لەپشت ئەمەوە، دەکرێ یەکێک لەوانە بونی کاریگەری فەلسەفەی مارکسیزم بێت لەئەوروپا بەتایبەت لە ڕۆژئاوادا. سوسێن لێرەدا ڕەخنە لەو بۆچون و پێشبینیە دەگرێت کە بیریارانی خۆرئاوا کێشا بویان بۆ داهاتوی دین، بەوەی کە باوەڕیان وابوو دەکرێ ئایدۆلۆژیا دینیەکان نەمێنێت و ئاوا بێت، ئەویش بە بڵاوبونەوەی زانستی سیکولاریزم، شارستانی بوون، خوێندەواری، ململانێکانی چینی کۆمەڵایەتی و ئازادی ژنان. Susen, S., & Turner, B. S. (Eds.). (2011

لەمبارەوە بەڕای کاسانۆڤا کۆمەڵناسی دین دەبێت نرخاندن بۆ ئەم سێ بابەتە بکات بە سەربەخۆی و جیاکراوەیی. ئەوانیش دین، دەوڵەت، سیکولاریزم. چون ئەو تەقینەوە گشتییە هەڵچونە دینییەی کە ڕویدا لە هەشتاکاندا، ١٩٨٠ لەوانە شۆڕشی ئێرانییەکان. سەرهەڵدانی موجاهید ئەفغان، دەرکەوتنی سیۆلۆگە ئازادەکانی لاتین ئەمریکا، بزوتنەوەی هاوکاریکردن لە پۆڵەندا، دەرکەوتنی ئەخلاقی گشتی و مافی کریستانیەکان لە ئەمریکای باکور. کۆی ئەمانە ئاماژەیەکی ڕونیان نارد ئەویش ئەوەیە کە خۆتان ئامادە بکەن، کە دین جارێکیتر دێتەوە ناو کۆمەڵگا.

ئەڵبەت ئەوەی هەیە سەبارەت بەگەڕانەوە ئیسلام بۆ ناو کۆمەڵگا چالاکتر لە جاران، ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەوەی درکی پێ دەکرێ بریتی یە سەر لەنوێ گەڕانەوەی ئیسلام بۆ ناو کۆمەڵگا و کۆی کایەکانی ژیان، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە خۆی لەبونی چەند ڕیچواڵ و سروتێکی دینیدا نا بینێتەوە بەڵکو ئەو سوژەیەکی داگیرکارە بە جۆرێک کەڵکەڵەی داگیرکاری لە هەناوی ئەم گەڕانەوە دایە، ئاماژەکانی ئەم داگیرکارییە بەئاسانی هەستی پێدەکرێ لەباشوری کوردستان، کە مێژویەکی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا ( ١٩٩٠) کورد وەک نەتەوەیەکی داگیرکراو لەباشوری کوردستاندا کەوتۆتە بەردەم داگیرکارییەکی نوێوە ئەویش داگیرکاریە لەسەر شوناسە ئیسلامییەکەی (ئیسلامی کوردی) لەلایەن فۆرمێک لە ئیسلامەوە کە ئێمە لەم توێژینەوەدا ناوی دەبەین بە (ئیسلامی هاوردە). مەبەست لە ئیسلامی هاوردە ئەو فۆرمە لەدینداریە کە لەدەرەوەی کلتوری کوردییەوە دێت، وەک ئەوەی ئۆلیڤەر ڕوا ناوی دەبات بە ئاینی دەرە- کلتور، کە ئیسلامێکە

sjh@univsul.edu.iq

بەراورد بەو فۆرمە ئیسلامە- میلی یە / کوردییەکە نوێیە، ئەم ئیسلامە زیاتر لەناو قوتابخانەو مەداریسە دینیە تازەکانەوە سەری هەڵداوە، وەک ئەوەی فەرید زەکەریان ناوی دەبات بە ئیسلامی قوتابخانە دینیەکان، کە دواتر لە چاپتەری یەک دا ڕونیدەکەینەوە.

ئەگەرچی لە ژیانی ڕۆژانەدا درکی ئەوە هەیە کە دینداری کوردی جیاوازە لەم دینداریيە تازەیە/ئیسلامی هاوردە، بەڵام هەتا ئێستا فۆرمی ئەم ئیمانداریيە کوردە-مان نەخستۆتە ناو کایەی زانستیەوە، نەبوەتە بابەت و سوژەیەکی لێکۆڵینەوە. واتە چەمکی ئیسلامی کوردی وەک بابەتێکی زانستی کاری لەسەر نەکراوە، بەڕای ئێمە هۆکاری پشت ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کایەو بواری دین بە جێهێڵدراوە بۆ پیاوانی دین، وە تێگەشتن لە ئیمانداری کوردی تەنها لەناو کایەی دیندا خوێندراوتەوە، لەکاتێکدا دین وەک گوتار و پەیام شتێکەو دینداریش وەک نۆرم و بەهایەکی کۆمەڵایەتی ومرۆیی بابەتێ ترە. بە میتۆدی خۆی دەخوێنرێتەوە . ئەوەی هەتا ئێستا لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە دین بوە نەک دینداری. لەم بارەوە ئەم تویژینەوەیە لەڕوانگەی کۆمەڵناسی- دینەوە لە دیاردەی دینداری موسوڵمانی کوردی دەکۆڵێتەوەو ئەو بنەمایانە دەخاتە ڕوو کە ئیسلامی- کوردی خۆی لێوە مانیفستۆ کردوە، هەروەها لەو کێشە دەدوێ کەناوی دینداری ئیسلامی هاوردەیە، لەگەڵ ئەو مەترسیانەی کە ئەم فۆرمە لە دینداری دەیخاتە ڕوو.

ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر دوو چاپتەردا هەر چاپتەرێکیش لەچەند لقێک پێک دێت، بە جۆرێک لەچاپتەری یەکەمدا بابەتەکانی وەک دین، شوناس و شوناسی ئیسلامی و کوردی دەناسێنرێت، دواتر لە بەشێکی سەربەخۆدا شوناسی ئیسلامی کوردی وەک چەمکێکی تازەو بەکار نەهاتوو بە میتۆدی کۆمەڵناسی دین شیدەکەینەوە بەپشت بەستن بەچەند لێکۆڵەرو کۆمەڵناسێک زانستی ئەم کایە دەسەلمێنین و وەک سوژەیەکی ناو بواری دین جێگەی دەکەینەوە لەناو تیۆری کۆمەڵناسی دیندا.

دواتر لە بەشی کۆتای ئەم چاپتەرەدا وەک پاڵپشتیەک بۆ سەلماندن و دروستی ئەو چەمکە ئیسلامی-کوردی، کە بەکارمان هێناوە چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو وەک دەرکەوتەکانی ئیسلامی کوردی کەتێیدا هەست بەجیاوازییەکانی دینداری ئیسلامی کوردی دەکەیت جیاواز لەئیمانداری میلەتە موسوڵمانەکانیتر.

لەچاپتەری دوەمی ئەم توێژینەوەدا هەوڵدەدەین ئیسلامی- هاوردە وەک چەمکێکی نوێ بناسێنین هەروەها بەپشت بەستن بە تیۆری دەسەڵات لای میشیل فۆکۆ، لەگەڵ تیۆری هەژمەونی لای گرامشی ئیسلامی هاوردە وەک ڕەوت و ئایدۆلۆژیایەکی هەژمەونی بسلەمێنین ئەوەش ڕونبکەینەوە کەچۆن ئەم فۆرمە لەئیسلام ئەمڕۆ لە زۆر ناوەندی دەسەڵاتەوە دەیەوێ فەزای گشتی داگیربکات و زۆر ناوەندی وەک مزگەوت و قوتابخانە ناوەندە ئاینیەکانی تری خستۆتە خزمەتی خۆیەوە، لەو جێگایانەوە دەسەڵات و ڕەوای وەردەگرێ و دەیەوێ کۆمەڵگا قوتبدات لەپێش هەموویەوە ئەو فۆرمە لە ئیسلامی کوردی کە هەزاران ساڵە کورد لەڕێگەیەوە سروت و ڕێچواڵە دینیەکانی خۆی تێدا پشانداوە.

دواتر ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەخەینە ڕوو، هەروەها لەکۆتا بەشی ئەم توێژینەوەشدا ئەو سەرچاوانە دادەنێین لە نوسینی ئەم تویژینەوەیە سودمان لێوەرگرتوە.

- **کێشەی توێژینەوەکە**

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە واتە لەساڵی١٩٩٠ بەدواوە باشووری کوردستان/ باکوری عێراق، کەوتۆتە بەردەم تەوژمێک لە ئیسلام، کە خۆی لەئیسلامی سیاسی و سەلەفی و فۆرمە نوێکانی ئیسلامدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم فۆرمە لەئیسلام کە لەم توێژینەوەدا جێگەی دەکرێتەوە لە ژێر ناوی 'ئیسلامی هاوردەدا' کە مەترسی گەورەی بۆ ئیسلامی کوردی و شوناسەکەی دروست کردوە، کە بە درێژای هەزاران ساڵە کۆمەڵگای کوردی ڕوانین و دونیابینیە دینییەکەی خۆی لەسەر بینا کردوە، کە ئێمە لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدەین لەم کێشە و ئاریشانە بدوێن کە ئیسلامی هاوردە بۆ شوناسی ئیسلامی کوردی

sjh@univsul.edu.iq

دروستیکردوە، ئەو مەترسیانە بخەینە پیش چاو کە ئەگەر بەری پێ نەگیرێ ئەوا دەبێتە مەترسییەکی گەورە لەبەردەم پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەو تولێرانسن /لێبوردەیەی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەیە.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئەو مەترسیانە دەخاتە ڕوو کە ئیسلامی هاوردە خستویەتە سەر ئەدەب و، هونەرو ئازادی ژن و ئاین وئاینزاکانیتر کە بە هەمویانەوە بونەتە بەشێک لەدەرکەوتەو شوناسی ئیسلامی کوردی. چونکە بە بڕوای نوسەری ئەم توێژینەوەیە ئیسلامی کوردی تەنها دینداری ڕوت نەبوە بەڵکو ئەو بوەتە بەشێک لە شوناس، زۆرجار ڕۆڵی گرنگی هەبوە لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوریدا و ئەرکی ئاینی و ئەرکی نەتەوەیی لەیەک جوادا نەکراوەتەوە، جگە لەوەی ڕۆڵی گرنگی گێراوە لە دروستکردنی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی وئاینی ناو پێکاتە ئاین و گروپ و ئاینە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمەدا. بەردەوام لەگەڵ کراونەوەو مەیلی نوێخوازی دابوە بەرامبەر بەژن وڕۆڵەکەی لەکۆمەڵگادا.

بەڵام ئەم فۆرمە لە ئیسلام بۆ سێ دەیەیە لە بەردەم مەترسی ئیسلامی هاوردەدایە، بە جۆرێک ئیسلامی هاوردە گوتاری خۆی لەسەر وێرانکردن و سڕینەوەی شوناسی ئیسلامی کوردی بونیاد ناوە، دەچێت بەگژ هەموو ئەو پێدراوانەیدا بچێتەوە کە شوناسی ئیسلامی کوردی خۆی تێدا دەرخستوە. لێرەدا مەترسی ئیسلامی هاوردە ئەوەیە کە دین لە بنەما کلتوری و جوگرافیەکەی دادەبڕێت، هەموو مۆرک و وپێدراوێکی ئیسلامە ناوچەییەکان لە ئیسلام دەکاتەوە و لەبری ئەوە ئیسلامێکی نامۆو نا کولتور دەخاتە جێگەی ئیسلامی کوردی، لەکۆتایدا دین دەکاتە دیاردەیەکی دەرە-کلتور و کۆمەڵێ سروتی و شک و سنوردارکراو لەناو تێکست و دەقدا.

ئیسلام لەگەڵ ئەوەشدائیسلام لە هەموو مۆزایک و ڕەنگاڵەو پێدراوێکی کلتوری دادەبڕێت. ئەم فۆرمە لەئیسلامی هاوردە نوێنەرایەتی ئیسلامێک دەکات کە نامۆیە بە کۆمەڵگای کوردی ، ئەو ئیسلامێکە دژ بە بەها کلتورییەکانی کۆمەڵگای کوردی، دژ بەو تولێرانس و لێبوردەو ئاشتخوازییە کلتورریە کە بۆ هەزاران ساڵە بونی هەیە لەنێوان ئاین ئاینزا جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا. ئەو تەنها ئاینداری خۆی ناکات بەڵکو دێت ئەو ئاینداریەش فەرز دەکات کە خۆی باوەڕی پێی هەیە، ئەو تەنها بەئیمانی خۆیەوە داناسکنێ بەڵکو دێت بە داشۆرین و جنێودان و هەڕەشەکردنی لە ئاینەکانیتر دەستپێدەکات، هەتا ئاستی تیرۆری فکری وفیزیکی دەڕوات. لەم ڕووەوە ئەم توێژینەوەیە دەستدەخاتە سەر برینێک بەناوی مەترسییەکانی ئیسلامی هاوردە کە ئارام ئارام لەکۆمەڵگای ئێمەدا تەشەنە دەکات و هیچ هەوڵێکیش نابینرێت بۆ وەستاندن و سارێژ بونی ئەم برینە.

- **گرنگی توێژینەوەکە**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەکرێ لەچەند خاڵێکدا دەستنیشان بکەین یەکەم ئەم توێژینەوەیە دەیەوێ بەپشت بەتن بە میتۆدی کۆمەڵناسی دین لە ئیسلام بدوێ، پەیوەندی نێوان دین کۆمەڵ ئەوەسڵگاو دین و کلتور ڕونبکاتەوەو تێگەشتن لەدین لەدەست پیاوانی دینی وەرگرێتەوە، ئلەگەیسلام وەک دیاردەیەکی کلتوری ببینێت نەک وەک دیاردەیەکی سەرو مرۆڤ و چەند دەقێکی ئەبستراکت و وشک.

لەم ڕووەوە ئەم جۆرە ئیشکردنە لەناو ئیسلامدا و بۆ ناسینی ئیسلامی کوردی لەڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە دور لە شەرعیەتی دینەوە، بانگەشەی ئەوە بۆ خۆی دەکات کە خوێندنەوەیەکی تازەو ناوازەیە بۆ ئیسلام بەتایبەت بۆ ئیسلامی کوردی و جوداکردنەوەی لە ئیسلامی هاوردە، چونکە ئەوەی هەتا ئێستا هەبوە ئەوە بووە کە تێگەشتن لە ئیسلام و ئیمانداری کوردی لەلای پیاوانی دین سنوردار کراوەو بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلامی فۆرم و شێوازی ئیمانداری کوردی خوێندراوەتەوەو هەوڵی ناسینیان داوە. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەم توێژینەوەیە بەپشتن بەستن بە میتۆدی کۆمەڵناسی دین لەو جۆرە ئیسلامە دەدوێ کە کورد، باوەڕمەندە دیینی و شوناسە ئولیەکەی خۆی لەسەر بونیاد ناوە.

sjh@univsul.edu.iq

دووەم و گرنگترین خاڵی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بۆ یەکەمجار چەمکەکانی وەک ئیسلامی کوردی و ئیسلامی هاوردە لەزمانی نا زانستی و نا ئەکادیمی ڕزگار دەکات و دەیباتە ناو بابەتی زانستە مرۆڤایەتیەکان و لەڕوانگەی فەلسەفەو کۆمەڵناسی دینەوە ئارگومێنتی لەسەر دەکات، بەجۆرێک دەبێتە کلیلی باش بۆ تێگەشتن لە ئیسلامی کوردی ئیسلامی هاوردە. دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەو توێژەرانەی کە دەیانەوێ لە فۆرمی ئیماندارى کوردی لێکۆڵینەوە بکات. هەروەها ئیسلامی هاوردە لەژێر چەمکی هەژمۆنیەتدا دەناسێنێت و لیکۆڵینەوەی لەسەر دەکات.

- **ئامانج**

ئامانج لەم توێژینەوەیە ناساندن و بردنی ئیسلامی کوردیە بۆ ناو کایەیی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و کردنێتی بە بابەتی گفتوگۆو ئارگومێنت و توێژینەوە لەکایەی ئەکادیمیدا، کە چەندین ساڵە لەلایەن کۆمەڵناسەکان و توێژەرانی هەردوو بواری دین و کۆمەڵناسیەو فەرامۆشکراوەو دەرکەوتەو ڕەنگدانەوە جیاوازەکانی نەخوێندراتەوەو نەبینراوە. لەم ڕووەوە ئەم توێژینەوە ئامانجێتی پەردە لەسەر ئەو حەقیقەتە لاببات کە ئیسلامی کوردی بابەتیکی زانستی و ئەکادیمیەو دەرکەوتەو جیاوازی و ئەدگارو کاریگەرییەکانی لە ناو کۆمەڵگای کوریدا پێمان دەڵێت کە چیتر نابێت لیکۆڵینەوە لە فۆرمی ئیماندارى کوردی بەجێ بهێڵدرێت بۆ پیاوانی دین بەڵکو دەبێت کۆمەڵناسەکان کاری لەسەر بکەن. چونکە کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی ئەم فۆرمە لەئیسلامی کوردی شوناسێکی تایبەت بەخۆی دروست کردوە کە دەکرێ ناوی ببەین بەشوناسی ئیسلامی کوردی بە جۆرێک ئەدگارەکانی ئەم شوناسە بەئاسانی دەناسینەوەو جیاوازییەکانی دەبینین لەگەڵ شوناسی ئیسلامی تردا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم توێژینەوە ئامانجێتی لەگەڵ ناساندنی ئیسلامی کوریدا ئەو فۆرمە لەئیسلامیش بخاتە ڕوو کە هێزە ئیسلامیەکان و سەلەفیەکان سەرقاڵی بونیادنانین ، کە مەترسی گەورەیان بۆ ئەدگارەکانی شوناسی ئیسلامی کوردی دروستکردوە. لەبەر ئەوە ئەم توێژینەوەیە جگە لەخستنەڕوی ئەو مەترسیانەی کە ئیسلامی هاوردە دروستیدەکات لەهەمانکاتدا دەکرێت ببێتە ئاگادارییەک بۆ حکومەت و دامەزراوەی ئاینی لەکوردستان کە ڕێ و شوێنی ئیداری و یاسایی و هۆشیاری بگرنە بەر بۆ ئەوەی ڕێگە لە تەشەنەکردن وبڵاو بونەوەی فۆرمی ئیسلامی هاوردە بگرنە بەر، بۆ ئەوەی ڕێگە لەو مەترسیانە بگرن کە دەبێتە هۆی مەترسی بۆسەر ئەو تولێرانسن و لێبوردەی و ئازادییە شەخسی وئاینیەی کە لەناو شوناسی ئیسلامی کوردیدا خۆی مانیفستۆ کردوەو خۆی دەرخستوە.

- **میتۆد**

دوای جەنگی دوەمی جیهانی لە ئەورووپای خۆرئاواو بەتایبەتیش لە فەرەنسا لقێکی نوێ لە کۆمەڵناسی سەریهەڵدا ئەویش کۆمەڵناسی دین ( sociologie religieuse ) بوو. کە ئەم تیۆرە تازە خێرا بڵاوبویەوە بەناو بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکانی ناو زانکۆو پەیمانگاکاندا. کە دەکرێ ڕەگ و خاوەندارێتی ئەم تیۆرە بگەڕێنینەوە بۆ تیۆرناس و کۆمەڵناسی فەرەنسی لی براس ( Le Bras) ئەو سەرەتای تیۆرەکەی بە خوێندنەوەیەک دەستپێکرد لەسەر ژیانی ئاینی لەفەرەنسا. ئەم کارەی( لی براس ) وەک وەڵامێک بوو بۆ داواکارییەکی ماوسس کە داوای لە لی براس کرد کە کار بکات لەسەر فراوانکردنی مەودای کارەکەی دۆرکایم . لی براس توێژینەوەکەی لەسەر ڕێژەی بەشداری خەڵکی فەرەنسا بوو لە بەجێگەیاندنی سروتی ئاینیدا. ئەم کارەی لی براس دەرگایەکی نوێێ کردوە لەسەر کۆمەڵناسانی ئەمریکاو وولاتانی تری ئەوروپا کە لەدەرەوەی دامەزراوە ئایینەکانی وەک کڵێساوە بێن توێژینەوەکانیان لەسەر ئاین و ژیانی ئایندارى ئەنجام بدەن. ئەوە بوو سکۆڵەرانی فەرەنساو بەلجیکاو هۆڵەندا ئەم تیۆرەیان پەرەپێدا لەزانکۆکانیان هەتا ٠٣ /٠٤/ ١٩٤٨ یەکەم کۆنفرانسی سۆسۆلۆژییا دین بەسترا، the conference internatiomnale de Sociologie Religieuse( CISR). دواتر کۆنفرانسی لیۆڤین لە بەلجیکا لە مانگی چواری ساڵێ ١٩٤٩ دا بەسترا. دواتر لەئەمریکا لەشاری بۆستۆن یادی پەنجا ساڵەی کۆنفرانسی کۆمەڵناسی دین کرایەوە.

sjh@univsul.edu.iq

ئیدی دین و تێگەشتن لە مرۆڤ، لە دەستی پیاوانی قەشە دەرهێنراو هێنرایە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵناسەکان و توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی دینەوە. ئەم سەرهەڵدانە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەزانستی کۆمەڵناسی و دیندا، کە هاوکاری کۆمەڵناسەکان و ناوەندە ئەکادیمەکانی کرد باشتر لە کۆمەڵگا دینییەکان تێبگەن، باشتر نزیک ببنەوە لە بیرکردنەوەو جیهانبینی ئاینی مرۆڤەکان. Berger, P. L. (2001

لەم تیۆرەدا چەمکی مرۆڤبوون وەک یاریەکەرێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە گونجاندن لەگەڵ بەهاونۆرمەکانی کۆمەڵگدا. بەجۆرێک ئەوەی دەبێتە جێگەی لێکۆڵینەوە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤ، ئەو نۆرم و بەهایانەن کە مرۆڤەکانی پێ دەناسرێتەوە. ئەم تیۆرە بۆ ئەوەی لە مرۆڤی ئاینی بگات، لە ڕەفتارو ڕادەی ئەو پێشوازییە دەکۆڵێتەوە کە مرۆڤی ئاینی لە دەقەکانی دەکات و وە چۆن بەرەو پیرییانەوە دەچێت. بۆیە تیۆرێکی وا هاوکارمان دەبێت لە ڕەفتارو شوناس و فۆرمە ئیسلامیەکەی کورد و هەم ئیسلامی هاوردە تێبگەین. تیرۆری کۆمەڵناسی دین مرۆڤ و بەرکەوتەو پەیوەندی و ڕەفتارەکانی دەکات بە پێوەر نەک دەق و تێکستە دینیەکان. لەدیاردەی دینداری و پەیوەندییەکانی دین دەکۆڵێتەوە نەک خودی دین. وەک "فەرید زەکەریا دەڵێت ئیسلام ئەوەنیە دەقەکان چیمان پێ دەڵێن بەڵکو ئەوەیە مرۆڤی موسوڵمان چیمان پێ دەڵێت" .(Zakaria, F., 2007, p. 78)

لەم ڕووەوە ئەم توێژینەوەیە بەپشت بەستن بە تیۆری کۆمەڵناسی دین، دەیەوێت لەفۆرمی ئەو دینداریە بکۆڵێتەوە کە مرۆڤی موسوڵمانی کوردی ئەنجامی دەدات، هەروەها کاریگەری بەهاو نۆرمەکانی کلتوری کوردی دەرخات لەسەر ئیسلام. بێگومان ئەم کارکردنە لە دەرەوەی خواستی پیاوان و زانایانی شەریعەتن، ئەوان ڕازی نابن بە چەشنێک کارکردن و لێکۆڵینەوەیەک بۆ تێگەشتن وناساندنی موسوڵمانی کورد، وەک چۆن لە خۆرئاوادا لەگەڵ سەرهەڵدانی تیۆری کۆمەڵناسی دیندا، ئەم زانستە کەوتە بەردەم شەپۆلی ڕەدکردنەوە لەلایەن کڵێسای کاسۆلیکی چ لە ڕۆماو سەرجەم کڵێساکانی ئۆرسۆدۆکس لەڕۆژهەڵاتدا، بەڵام بە بڕوای کامپیج پەیوەندی پرۆتستانیزم بە کۆمەڵناسی دینەوە ناڕون بوو، هەرچەندە مەزهەبی لوسەریانیزم کراوەتر بوو بەرامبەر بە کۆمەڵناسی بەراورد بە کالڤینیزم.Buckingham, D. (2008)

هەروەها ئەم توێژینەوەیە بەپشت بەستن بە تیۆری پاش داگیرکاری پۆست کۆڵۆنیالیزم هەوڵدەدات بۆ تێگەشتن و لێکۆڵینەوە لە هەژمۆنیەتی ئیسلامی هاوردە، واتە ئیسلامی هاوردە وەک هەژمۆنیەتی کلتوری. لەم بارەوە ئەنتۆنی گرامشی هاوکارمان دەبێت لە دەرخستن و ئاشکراکردنی مەیلە هەژمۆنیەتەکەی ئیسلامی هاوردەدا. کە دەیەوێ کۆی ڕەهەندەکانی ژیان داگیربکات لەپێش هەموویان بە شوناسی ئیسلامی کوردییەوە، ئەڵبەت ئەم هەژمۆنیەتە وەک گرامشی ڕونیدەکاتەوە بەبێ بونی سیانەی وەک پەروەردە، دەوڵەت و میدیا، بەدی نایەت، کەئەم سیانە بۆ خۆی ڕۆڵی دەسەڵات دەبینین و دەسەڵاتیان لێوە بەرهەم دێت و پەخش دەکرێ، لەمبارەوە ئاوڕدانەوە لە فوکۆ شیکارکردنی چەمکی دەسەڵات لای ئەو فەیلەسوفە هاوکارمان دەبێت کە دەستنیشانی ئەو شوێنانە بکەین بیانخەینەڕوو کە ئیسلامی هاوردە وەک ناوەندی دەسەڵات سودی لێوەردەگرێ بۆ پەخشکردنی هەژمۆنیەت و کۆنترۆڵکردنی ئیسلامی کوردی، چون بە ڕوانگە فۆکۆیەکەی ئەو جێگانە مەعریفەیان لێوە بەرهەم دێت و مەعریفەش لە دونیای مۆدێرندا دەگۆڕێت بۆ داگیرکاری و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگا. لەنمونەی ئەوجێگانە وەک مزگەوت، سۆشیال میدیا، قوتابخانەو ناوەندە ئاینیەکان.

- **چاپتەری یەکەم**

## - شوناس و شوناسی ئیسلامی کوردی

شوناس بۆ خۆی تێرمێکی فرە ڕەهەندە، لەم ساڵانی دوایدا لەزۆر گوتاری جیاوازو بۆ زۆر مەبەستی جیاواز بەکار هێنراوە. ڕەگی وشەکە بۆ ووشەی لاتینی idem دەگەڕێتەوە کە بە مانای هەمان شت بەکار دێت، لەگەڵ ئەوەشدا تێرمەکە مانای چون یەکو جیاوازی دەگەنێت. بەم پێ یە شوناسمان ئەوەیە کە بێ هاوتایانە هەمانەو خاوەنین، ئەو شتەیە کە ئێمە لە ئەوانی تر جودا

دەکاتەوە. دەکرێ شوناس مانای ئەو پەیوەندییە بدات کە گروپێکی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە هەیانە بەتایبەت کاتێک قسە لەبارەی شوناسی نەتەوە، کلتور، یان شوناسی ئاین و جێندەر دەکەین، لەم دۆخەدا شوناس دیاریکردن و ناسینەوەیە لەناو ئەندامانی گروپێکی کۆمەڵایەتیدا کە وا دادەنێین ئەندامانی ناو گروپەکە لە زۆر شتدا لەیەک دەچن و هاوبەشیان هەیە. وە لە هەمانکاتیشدا جوداکردنەوەی خۆتە لە ئەوانیتر کە دەکەونە دەرەوەی گروپە کۆمەڵایەتیەکەی تۆوە، لەڕێگەی ئەو شوناسەی کە تەنها گروپێک خاوەنین و ئەوانیتر خاوەنی نین. Buckingham, D. (2008)

لەم بارەوە کوردەکان بە یەکێك لە دێرینترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێردرێن، کە ئەوان خاوەن شوناسێکی تایبەت بە خۆیانن، ئەم شوناسە لەهەموو ڕوانگەیەکی ژیانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و جۆرێک لە تایبەتمەندی بۆ خۆی هەڵگرتوە، ئەوان بە زۆرینە ئەگەرچی موسوڵمانن و لەسەر مەزهەبی شافعین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن جۆرێک لە دینداری خۆیانن لەناو ئیسلامدا کە کەمتر لەناو نەوەتە موسوڵمانەکانی چواردەوریاندا دەردەکەوێت و دەبینرێت، لەمبارەوە ڕیچ لە یاداستەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە" هیچ یەک لە ژنە کوردەکان نیقابی نە دە پۆشی، تەنانەت سەرپۆشیان نەدا بوو بەسەریاندا کە دەمو چاویان دابخات وەک ئەوەی ژنە عەرەبەکان دەیاندا بەسەریاندا، ئەوان خۆیان نەدەشاردەوە لە پیاوانی نەناسراو کە دەیان بینی، وە زۆر ژن هەبوو وەک پیاو وابوون هاوشانی پیاو بون پێکەوە کاریان دەکرد" .(Rich, C.J., 1836, vol. 1, p. 181).

هەر لەم بارەوە مارک ڤان بروسنەر بڕوای وایە" کە کوردستان لەسەر هێڵێ نێوان وڵاتی فارس و عەرەبەکان بوە، لەهەمانکاتدا ڕۆژگارێک لە دوای دەوڵەتی عوسمانیەوە ئەوان ڕۆڵی کلتورێکی نێوەندگیریان هەبوە لە نێوان سونی مەزهەبی عوسمانی و شیعە مەزهەبی سەفەویەکاندا’’. (Bruinessen, M. M. (1998, p,5. لەم قسەیەی بروسنەرو ڕیچیشەوە دەگەین بەو خاڵەی کە ئەگەرچی کوردەکان موسوڵمانن بەڵام دۆخ و کلتورو سیستمە باوەڕەکەیان وایکردوە ئەوان ڕۆڵی نێودەنگیر ببینن. لەنێوان دوو ئیمپراتۆری گەورەی ناوچەکەدا کە ئەوانیش سەفەوی و عوسمانیە. هەروەها ڕۆژگارێکیش کەوتبونە نێوان ئەهلی حەدیس لە هندستان سۆفیزم لە مەکەدا. (Weismann, I. (2007 . ئەمەش نێوەندگیریەکی پێدا بون لەو نێوەندەدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی قۆتابخانەی سۆفیزمی ئیسلامی لە بەغدادو خۆراسان، قوتابخانەکانی سۆفیزمیش لەکوردستان دەرکەوتوون، بۆ نمونە ناوچەی جیبال، وەک شارەکانی حەلوان و دینەوەرو هەمەدان و قیرمسان/ کرماشانی ئەمڕۆ،خاوەنی چەندین عارف و سۆفی گەورەی وەک ئەبوبەکری دینەوەری، مەمشاد، ئەبولقاسم، بابە تاهیری هەمەدانی، بابە جەعفەرو عەینل قوزاتی هەمەدانی دەیان سەدانی گەورە سۆفی تر، کە بەڕای لێکۆڵەرانی بواری سوفیزم، کاریگەری و پەیوەندیان لەگەڵ قوتابخانەی سۆفیزمی بەغداد هەبوە، لەوانە جونەیدو حەلاج، تەنانەت سۆفیزم هێندە بەهێز بوە لەناو کۆمەڵگای کوریدا وایکردوە زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان ئاینی کوردی بە سۆفیزم ناو ببەن و سۆفیزم وەک تایپ و جۆری ئاینداری کوردی بناسێنن. .(Saeidi, F. (2023 ).

لەم ڕووەوە بروسنەر دەڵێت "کوردەکان ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لەمێژوی ئیسلامدا بەڵام زۆرجار ئەم ڕۆڵە بەبێ ئاوڕدانەوەو تێبینکردن وپێزانین ماوەتەوە چونکە ئەوان بۆخۆیان بە وردی کاریان لەسەر ناساندنی شوناس و ڕەگەکانی خۆیان نەکردوە".Van Bruinessen, M. M. (1998, p,9.).

ئێرکسۆن باوەڕی وایە شوناس لەلایەن تاکەکانەوە گەشەی پێ دەدرێت بەڵام دەبێت لەلایەن ئەوانیترەوە دوپاتبکرێتەوەو بناسرێتەوە، هەرزەکاران ، گەنجان ئەوکاتەی کە توانای ئەوەیان تێدایە کە تێیدا قسە لەبارەی جیابونەوەی خۆیان بکەن لە خێزانەکانیان، وە سەربەخۆی توانای کۆمەڵایەتی بونیاد بنێن.(Hoover, K. (Ed..2004) ئەگەر ئەم ڕوانینەی شوناس بۆ تاک بگوازینەوە بۆ ئاستی گروپێکی ئێتنیکی وەک کورد، دەتوانین بگەین بەو دەرئەنجامەی کە پێویستە کوردەکان خۆیان گرنگی وگەشە بەو نۆرم بەهایانە بدەن کە ئەوان خاوەنین، هەروەها جیاوازییەکانی خۆیان دەرخەن لەگەڵ ئەوانی دەرەوەی

خۆیاندا سەربەخۆی شوناسی خۆیان بپارێزن، بەجۆرێک چەندە دەتوانن جیاوازییەکانی خۆیان بپارێزن ئەوەندە دەتوانن هێزی ماناوەی خۆیان بەهێزتر بکەن ومەرگی خۆیان دوربخەنەوە، وە بەپێچەوانەوەشەوە دروستە.

چونکە لێرەدا پرسەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چۆن ئەندامانی گروپێک سەر بە کۆمەڵگایەکن، چۆن کۆمەڵگایەک گەشەدەسێنێت و دەمێنێتەوەو بەردەوامی بە خۆی دەدات خۆی ناتوێنێتەوە لەناو شوناسە سەردەستەکاندا. چۆن کاردەکات و پەیوەندی بەشوناسەکانی ترەوە دەکات، ئەم پرۆسانە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و تاکدا هەمان شتن. واتە وەک چۆن تاکەکان بانگەشە بۆ شوناسی خۆیان دەکەن و هەوڵدەدەن تاکایەتی خۆیان بسەلمێنن بۆ ئەوانیتر، ئاواش کۆمەڵگاو گروپە نەتەوەییەکان دەبێت کار لەسەر سەلماندنی خۆیان بکەن بۆ ئەوانیتر وەک بویەکی جیاواز خۆیان مانیفستۆ بکەن. لێرەدە شوناسە دینیەکەی کورد شوناسێکی سۆفیانەیە فۆرمێک لەدینداری تایبەت بەکوردە کە دەکری ناوی ببەین بە ئیسلامی کوردی باشترە دەستی پێوە بگیرێت هەتا ئاستێک کە نەچێتە خزمەت بچوککردنەوەی مرۆڤ و دۆخی دۆگمانی وچەق بەستوییەوە.

- **ئایا شوناسی ئیسلامی کوردی بابەتێکی زانستی یە**

- **ئێرنست گێڵنەرو ڕوانینێک لە دیالکتیکی شارو خێڵ/ ئیسلامی نزم و ئیسلامی باڵآ**

لە ڕاستیدا چەمکی ئیسلامی کوردی دەکرێ چەمکێکی تازە بێت لەناو کایەی دین و هەم ڕۆشنبیری ئێمەدا .ئەگینا ئەم چەمکە لە شوێنی ترو بەناوی ترەوە دەکرێ فەهم بکرێت و بدۆزرێتەوە لەناو فکردا بە تایبەتیش لەو کێڵگەی کە ناوی کۆمەڵناسی دینە، ئەمەش بۆ تێگەشتن لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان. ڕەنگە یەکێک لەو لێکۆڵەرانەی کە ئەم چەمکەی بەکار هێنا بێت، یان بڵێین لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسیەوە کۆمەڵگای ئیسلامی خوێندبێتەوە فەیلەسوفی لێکۆڵەری ئینگلیزی ئیرنس گێڵنەر بێت، ئەو کۆمەڵگای ئیسلامی شیکار دەکات لەڕوانگەی دیالیکتیکی نێوان شارو خێڵەوە. ئیسلامی فۆلکلۆرو نزم لەگەڵ ئیسلامی خوێندەوارو باڵا.(Zubaida, S. (1995 .

گێڵنەر جیاوازی دەکات لەنێوان دوو جۆر لە ئیسلامدا ئەوانیش ئیسلامی فۆلکلۆر/نزم لەگەڵ ئیسلامی باڵا کە مەبەست ئیسلامی چینی خوێندەوارە. بەڕای گێڵنەر ئیسلامی فۆلکلۆر ئیسلامی فرە کلتورو ڕوانین و ئیسلامێکی چون یەک و یەکگرتوو نییەو ڕێگرییەکی گەورەیە لە بەردەم بە مۆدێرنە کردن و سیکولاریزم و دروستبونی کۆمەڵگای مەدەنی لەناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، بەڕای ئەم فەیلەسوفە بۆ ئەوەی ئیسلام بە مۆدێرن بکرێت و کۆمەڵگای مەدەنی دروست بێت ئەوا پێویستە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان ئیسلامی فۆلکلۆری بەجێ بهێڵن و بچنە ناو ئیسلامی باڵاوە. ئەگەرچی گێڵنەر باوەڕیشی وایە "کە مۆدێرنە نەتەوەی موسوڵمان دروست دەکات، بەڵام ناتوانێت نەتەوەیەکی مۆدێرنی موسوڵمان دروست کات" Zubaida, S,1995,p.28)

لەم بارەوە گێڵنەر باوەڕی وایە، کە بە هۆی یەکسانخوازی و، خوێندنەوە، هەموان دەستیان بەخوێندن و زانین دەگات لەبەر ئەوە ئیسلام دەتوانێت و دەکرێت قبوڵێ سیکولاریزم بکات، بۆ ئەمە ئەو کلتوری باڵا دەکات بەپێوەر بۆ بە سیکولاربون و بە مۆدێرن بونی ئیسلام، لەڕاستیدا گێڵنەر ئەم ڕوانینەی بۆ بە سیکولاریزمەکردن و بە مۆدێرنکردنی کۆمەڵگای ئیسلامی درێژکراوەی هەمان ئەو تێزەیەتی کە بۆ دروستبونی نەتەوە / کۆمەڵگای نوێ( کۆمەڵگای پیشەسازی ) کێشاویەتی، بەجۆرێک گێلنەر پێشتر لە کتێبی (نەتەوەو ناسیۆنالیزمدا) ئەو هێڵەمان بۆ دیاری دەکات و ئەو ڕەچەتەمان پێ دەڵێت کە چۆن پێویستە نەتەوە دروست بکەین، ئەویش یەکەم هەنگاو گواستنەوەیە لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیەوە بۆ کۆمەڵگای پیشەسازی، چون بەڕای ئەو فەیلەسوفە کۆمەڵگای کشتوکاڵی کۆمەڵگای فرە زمان و فرە کلتورو دونیا بینین و خەمی جیاوازە، بەڵام کۆمەڵگای

پیشەسازی بەپێچەوانەوە، یەکەم کارێک کە دەیکات هەڵسانە بە پرۆسەی بە ستاندارکردنی زمان، واتە سڕینەوەی دیالیکتیکە جیاوازەکان، کە ئەمەش قوتابخانە مۆدێرنەکان پێی هەڵدەستن، بەجۆرێک بەرای گێڵنەر بۆ ئەوەی نەتەوە دروست بێت دەبێت کۆی کلتورو دیالکتیکە خۆجێییەکان بسڕێنەوە و زمان و کلتورێکی باڵاو ستاندەردیان لی دروست کەین. نزیک لەم بۆچونەوە، گێڵنەر دەیەوێ بڵێت کە کۆمەڵگای ئیسلامیش پێویستە ئیسلامی فۆلکلۆری بگۆڕێت و بە جێی بێڵێت بۆ ئیسلامی خوێندەوار و شاری و باڵا، کە ئیسلامێکی چون یەکەو یەک ڕەنگە بە ئاسانی دەتوانرێت لێرەوە هەنگاو بهاوێژرێت بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی ومۆدێرن.

بەڵام ئەم ڕوانیینە نەک لە ئاستی تیۆریدا بەڵکو لەواقیشدا پڕ ئیشکالیەتە، چون کارکردن لەسەر دروستکردنی یەک کلتوری باڵاو یەک فۆرم لە ئیسلام کە ئیسلامی خوێندەوارە، لەلایەک ئەو پرۆژەیە بوو کە فەندەمینتاڵیستەکان و ئیسلامی سیاسی/ کە ئێمە لەم توێژینەوەدا لەژێر چەمکی "ئیسلامی هاوردەدا" جیگەمان کردۆتەوە، کە هەر لە ئیخوانەوە بۆ سەلەفیەکان کاریان لەسەری کردوەو ئێستاش بەردەوامە، ئەمەش پرۆژەیەکە بۆ سڕینەوەی ئیسلامە ناوچەیی و کلتورییەکان/ ئیسلامی کوردی بەنمونە. لە لایەکیترەوە ئیسلامی خوێندەوار نەک ناتوانێت کۆمەڵگای ئیسلامی بە مۆدێرن بکات و بەرەو سیکولاریزمی ببات بەڵکو دروستبونی ئیسلامی خوێندەوار لەناو گروپە ئیسلامگەرەکاندا، خۆی دەرهاویشتەو هەڵوێستە وەرگرتن بوو لە هاتنی مۆدێرنەو سیکولاریزم بۆ ناوچەکە. ڕەنگە گریمانەیەکی دروست بێت، کە بڵێین ئەگەر ئیسلامی سیاسی/ خوێندەوار نەبوایە دور نەبوو مۆدێرنەو دەرهاویشتەکانی وەک سیکولاریزم و لەناوچەکەدا بیتوانیایە جێگەی خۆی بکاتەوە. چون ئیسلامی کوردی، یان گوندی/ نەخوێندەوار بەراورد بە ئیسلامی/ هاوردە/ شاری ئیسلامێکی دیموکراسیخوازو کراوەیە.

- **فەرید زەکەریا..... ئەفغانستان و گواستنەوە لە ئیسلامی گوندەوە بۆ ئیسلامی شاری**

لێکۆڵەرێکی تری ناو ئەم بوارە کە ئەم چەمکە بەکار دەبات کە لە خوێندنەوەکەیدا، کە جیاواز لە گێڵنەر دەڕوانێتە دیموکراسیخوازی ئیسلامی گوندی، ئەویش فەرید زەکەریایە، ئەو لە کتێبی (داهاتوی ئازادیدا) لەمەڕ کۆمەڵگای ئەفغانی وێنای دوو مۆدێل دوو جۆر لە ئیسلام دەکات یەکەم ئیسلامی لادێی، کە ئەم جۆرە ئیسلامە لە کلتورو نۆرمی کۆمەڵگای ئەفغانییەوە نزیکەو خۆی موتوربەی ناو ئەو کلتورە کردوە، ئەم ئیسلامە بەڕای زەکەریا ئیسلامێکی دیموکراسی خوازەو تۆلێرانس وکراوەو لێبوردەیە چ بەرامبەر دینەکانی تر چ بەرامبەر مافەکانی ژن. بەڵام ئیسلامی قوتابخانەکان و مەداریسەکان، کە ئیسلامێکی شاریی و خوێندەوارە، ئەو ئیسلامەیە کە لە دوای فراوانبونی شارەکانی ئەفغانستانەوە سەرهەڵدەدات و لەگەڵ فراوانبونی شاردا ئیسلام دەچێتە ناو قوتابخانە دینیەکان، لێرەوە مەلاکان و بانگخوازان منداڵان فێری ئیسلامی سیاسی دەکەن و ئیسلام لەکلتورو نۆرم بەهاکانی کۆمەڵگای ئەفغانی دوردەکەوێتەوە زیاتر ئیسلامێک دروست دەبێت کە پشت بەدەق دەبەستێت نەک بەکلتورو نۆرمەکانی کۆمەڵگا. لەم بارەوە زەکەریا ئاماژە دەدات بەوەی

"هەتا حەفتاکان ١٩٧٠ کان زۆرینەی موسوڵمانان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گوند و شارۆچەکەکان دەژیان، ئەوان جۆرێک لەئیسلامی گوندیان جێ بەجێ دەکرد، کە خۆی گونجان دبوو لەگەڵ کلتورو بەها ناوخۆییەکان و خواستی مرۆڤەکاندا، ئەم جۆرە ئیسلامە پلوراڵ و لێبوردە بوو، ئەم گوندیانە هەندێجار پەرستشی شێخەکانیان دەکرد، دەچونە سەردانی مەزارگەکان، گۆرانی و بەیتی ئاینی هونەر تەکنیکیانە لەلایەن ئیسلامەوە ڕێگە پێدراو نەبوو، بەڵام لەحەفتاکان بەدواوە ئەم کۆمەڵگانە بەشاری کران، خەڵکەکەی دەستیان کرد بەکۆچکردن لە گوندەکانەوەو چون بۆ شارو شارۆچکەکان و گەڕان بە دوای کاردا، ئەزمونی ئاینیان چیتر ڕەگ و ڕیشەی بە شوینیکی دیاریکراو خەڵک و نەریتە ناوخۆییەکانەوە نیە لە هەمانکاتدا لە لایەن نەوەی نوێی نوسەرو مامۆستاوە فێردەکرین و ڕینمای

دەکرێن، ئەمە جۆرێکە لە باوەڕێکی ڕووت کە هیچ ڕەگ وپەیوەندییەکی لەناو ئەزموونێکی مێژویی نیە، بەڵام ئیسلامێکی خوێندەوارو پوختی چینی باڵایەو دژ بە ئیسلامی شەقامە"( Zakaria, F.2007,p.116).

ئەم بەراوردەی زەکەریا دەتوانێت هاوکارمان بێت، بۆ کردنی هەمان بەراورد بۆ دوو جۆر لە ئیسلام لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ئەوانیش ئیسلامی کوردی کە مێژوەکەی هەر لەسەدەی نۆوە خەملیوە هەتا نەوەدەکانی سەدەی بیستەم/ ڕابردوو، کە لەو قۆناغە بەدواوە فۆرمێکیتری ئیسلام هاوردە دەکرێتە ناو کۆمەڵگای ئێمە کە ئەم فۆرمە لەدەرەوە دێت و لەناو قۆتابخانە ئاینیەکانەوە گەشە دەکات، لەگەڵ هاتنیدا جەنگی خۆی لەگەڵ فیگەرو سیمبوڵەکانی ئەو ئیسلامە کوردییەدا بەرپا دەکات وەک ئاماژەمان پێدا کە هەر لەسەدەی نۆوە بونی هەیە لەناو کۆمەڵگای ئیمەدا. لەخۆڕا نەبوو هێزەکانی ناو ئیسلامی هاوردە لەوانە بزوتنەوەی ئیسلامی، یەکگرتوو، سەلەفیەکان دواتر کۆمەڵ جۆرێک لەدینداریان هێنا کە بەئاسانی هەڵگرانی دەناسیتەوە، لەوانە کلتوری جۆرێک لە ڕیش ودەرقاچەی کورت، شێوازەکانی دەستگرتن لە نوێژ، پۆشینی حیجاب و نیقاب، بڵاوکردنەوەی هەزاران پەرتوک و چاپکردنیان لەسەر فیگەرە توندرەوەکانی وەک سەید قوتب، عەبدولعەزیز عەزام و حەسەن بەناو دەیانیتر. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەفزی ئەو دینداریەیان دەکرد کە کورد لەسەری ڕاهاتبوو بە بیدعەو گوناهیان دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا مۆسیقاو ، ئەدەب و هونەریان بەکوفر دەزانی و جل وبەرگی ژنی کوردیان بە جل و بەرگی ئیسلام نەدەزانی. هەتا هێرشکردنە سەر فیگەرە سۆفیەکانی و شکانی گۆڕو مەزارەگەکانیان، وەک ئەوەی وەهابیەت لە سەدەی هەژدەدا ئەنجامیدا لەمەکەدا.

- **تۆگرول کەسکین... سۆسۆلۆژیای ئیسلام لەبری شەریعەتی ئیسلامی**

لێکۆڵەری تورک، تورگول کەسکین کتێبەکەی( سۆسیۆلۆژیای ئیسلام) بەدێڕێک دەستپێدەکات ئەویش ئەوەیە" ١٤٠٠ ساڵە تێگەشتنی دینیانە بۆ ئیسلام دەکرێت، بەڵام چیتر ئەم خوێندنەوەو ناساندنە ناتوانێت وەڵامگۆی پرسە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان ئابورییەکانی ئەمرۆ بێت"، Wood, G., & Keskin, T. (2013,p.26) کەسکین باوەڕی وایە ئێمە دەبێت لەبری ئەوەی لەڕوانگەی ئاینناسییەوە ئیسلام بخوێنینەوە دەبێت لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە بیخوێنینەوە، واتە کۆمەڵناسیانە پەیوەندیەکانی ئیسلام و کۆمەڵگاو گروپ و تاک و پرسەکانی ناو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بخوێنینەوە وەک ئەوەی خەلدون لەسەدەی چواردەدا کردویێتی. دەمەوێ ئەوە بڵێم هەم کەسکین و خەلدونیش باسیان لە چەمکێک نەکردوە بەناوی ئیسلامی کوردی، بەڵکو خوێندەوەکەی ئەوان گرنگ و بەسودە بۆ ئێمە لەو جێگدا کە قسە لەسەر مرۆڤ دەکرێت چ وەک تاک و چ وەک گروپ و کۆمەڵ. وەک ئەنتۆنی گیدنس دەڵێت کە هەموو ستراکچەرێک بریکارێک/ بەڕێوبەرێکی هەیە کە بەڕێوەی دەبات. کەواتە ئیسلام وەک ستراکچەرێک ئەوا بریکارەکەی مرۆڤی موسوڵمانە، لێرەوە کۆمەڵناسەکان لەبری ئەوەی لە تێکستەکان قسە بکەن دێن لە ڕەفتاری تاکی موسوڵمان قسە دەکەن. چون دین لە بۆشایدا ناژی، بەڵکو لەناو کۆمەڵگا دایە، بەر ڕەفتارو کلتورو نۆرم وبەهاکانی مرۆڤ دەکەوێت. لەبەر ئەوەیە، دەرهێنانی دین لەدەست مەلاو بانگخوازەکان تاکە ئەرکێکە کە دەبێت کۆمەڵناسەکان بیکەن. ئەگەر کارێکی وابکرایە لە پێشتردا ئەمرۆ ئیسلام لەناو کۆمەڵێ تێکسدا بەجێ نەدەما، خاوەندارێتی بۆ مەلاکان وبانگخوازەکان نەدەمایەوە. لەم بارەوە کۆمەڵناسی ئیسلام دەکاتە سیستمی خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری وە گواستنەوەی ئیسلام و کۆمەڵگا موسوڵمانەکان لە کۆمەڵگایەکی داخراوەوە بەرەو جیهانێکی فراوانتر.

کاتێک کۆمەڵناسی ئیسلامی دەبێتە میتۆدێکی دروست بۆ تێگەشتن لە تاکی موسوڵمان، ئەوکات پرسی ئیسلامی کوردی لەناو ئەم پرسەدا جێدەگرێت و وەک پرسێکی کۆمەڵناسیانە خۆی دەخاتە ڕوو وەک ئەوەی پرسێکی ئاینیانە بێت، واتە ئەم چەمکە هێندە سەروکاری لەگەڵ کۆمەڵناسی و خودی کۆمەڵناسی دیندا هەیە ئەوەندە پەیوەندی لەگەڵ شەریعەتی دیندا نییە، لەبەر ئەوەیە ڕەوتی ئیسلامی هاوردە هەر لە یەکگرتووەوە بۆ کۆمەڵ و بزوتنەوەی ئیسلامی و سەلەفییەکان دژ بە ئەم چەمکە دەوەستنەوە، وە زانیاری ئەوتۆیان لەسەر نییە. لە پرسی ئیسلامی کوردیدا، مرۆڤی کوردو بە نۆرم و بەهاو کلتورەکەی دەبێت

sjh@univsul.edu.iq

بەجێگەی لێکۆڵینەوە، چونکە پرسەکە پرسی جۆرێک دینداربیە لەلای مرۆڤ لەناو کۆمەڵگاو قۆناغە جیاوازەکاندا، نەک خودی دین چ یە و تێکستەکان چۆن باس لەرەفتارەو مۆراڵی مرۆڤی موسوڵمان دەکات؟. واتە لە پرسی ئیسلامی کوردیدا مرۆڤ و بەهاو کلتورو دونیابینینی دەبێت بەجێگەی لێکۆڵینەوەو هەڵوێستە لەسەرکردن نەک تێکستەکان، وەک زەکەریا وتی" ئیسلامیش وەک هەر دینێکیتر ئەوەنی یە کە کتێبەکان پێمان دەڵێن، بەڵکو ئەوە تاکی موسوڵمانە پێمان دەڵێت" .Zakaria, F., 2007, p (78. پرسەکە ئەوەیە تاکی موسوڵمان چۆن رەفتار دەکات نەک ئەوەی دەقێک لەکتێبی پیرۆز یان حەدیسێک چی دەڵێت و داوای چی دەکات. لەمبارەوە ئیدوارد سەعید باوەری وایە مرۆڤی موسوڵمان دەبینێت لەچوار دوری خۆیدا نەک ئیسلام.

- **ئۆلیڤەر روا لە ئیسلامی ناو-کلتورەوە بۆ ئیسلامی دەرە- کەلتور**

زاناو فەیلەسوفێکی تری ناو زانستە مرۆڤایەتیەکان کە چەمکێک نزیک لەچەمکی ئیسلامی کوردی بەکار دەهێنێت ئەویش ئۆلیڤەر روایە، کە بەرای ئەو ئیسلام یان هەر دینێک کە لەناو کلتوردا نەش و نما دەکات ئەویش دینی "ناو-کلتورە"، وە بە پێچەوانەشەوە ئەو دینەی لە دەرەوەی کەلتورەوە دێت، وەک ئەوەی سەلەفیەت و چەند فۆرێکی مەسیحی بەخێرای و بەهاوکاری جیهانگاری بڵاوبونەوەتەوە ناوی دەنێت دینی "دەرە-کەلتور". روا باوەریَ وایە کە ئیسلامی ناو کلتور ئیسلامێکە روانگەو ستراکتوری خۆی لەکلتورەوە وەردەگرێت نەک لە دەقەکانەوە، ئیسلامێکە موتوربە کراوە بە کلتور.(Roy, O. (2014

ئەگەر ئەم ئیسلامە لە کۆمەڵگای کوریدا وەرگرین، کۆمەڵگای خۆمانی پێ بخوێنینەوە دەبینین کە ئەم ئیسلامە لەکۆمەڵگای کوریدا ئیسلامی زۆرینەیە، ئیسلامی دایک و باوک داپیرەو باپیرمانە، ئیسلامێک بوە لە خانەقاکانەوە تێکەڵ بە هونەرو سەما و شیعر و ئەدەبیات بوە. ئیسلامێک بوە دەستێکی بە بەرماڵەوە بوە و دەستێکی کەی بەسەرچۆپی و شاییەوە، لە مزگەوت دەستی نوێژخوێنی گرتوەو لە شایی و رەش-بەڵەکدا دەستی ژن. ئیسلامێک بوە دەستی شێخ عەلادین دەگرێت و دەیباتە ناو ئاهەنگی ئاینی کاکەییەکان. وەک مەولەوی دەچێتە سەر گۆری باوە یادگاری کاکەیی و ئەم شیعرەی بۆ دەنوسێ

سەرشار سەهبای بەزم موناجات ،
مەلجەی ئیلتجای ئەرباب حاجات
جات رجای جەرگەی پادشاو دەرویش،
بارەگاو پەنا، پەی بێگانەو خوێش
سەرو سایەدار نیشانەی وەلی ، یەعنی یادگار مورتەزا علی

(کاکەیی، ف،٢٠٢٢،ژ٢ ). ئیسلامی کوردی ئیسلامێکی کراوەو نورم لێبوردە بوە بەرامبەر بە مەسیحی و کاکەیی و ئێزدی و جوەکانی کوردستان. ئیسلامی گوند یان ئیسلامی کوردی ئیسلامی ناو مەداریسە دینییەکانی ناو دونیای مۆدێرن نیە، ئەم ئیسلامە هەتا نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بێ ترس سەرقاڵی جێبەجێکردنی سروتەکانی خۆی بوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی یەکگرتو بزوتنەوەو سەلەفیەتدا ئیدی جێ پێی لەق دەکرێت. بەرگی کەلتور لە خۆی دادەماڵێت، لە ئیسلامێکی کوردییەوە وردە وردە کاری لەسەر دەکریت هەتا دەکرێت بەئیسلامی هاوردە.

- **بنەماو دەرکەوتەکانی شوناسی ئیسلامی کوردی**

مەبەست لە ئیسلامی کوردی ئەو فۆرمە لە دینداریە کوردییە کە ئیسلام تێکەڵ بە کلتورو نۆرم ئاینە کۆنەکانی کورد کراوەو فۆرمێک لە دنیداری ئیسلامی کوردی دروست بوە کە دەکریَ لەژێر ناوی ئیسلامی کوردیدا ناوی ببیەن. دەرئەنجامی دروستبونی ئەم فۆرمە لە دینداری کوردی لە ناو ئیسلامدا مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە ئیسلام دێتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە واتە لە سەردەمی فتوحاتدا ئیسلام خۆی دەگەیەنێت بە کوردستان. لەم بارەوە لۆبۆن باوەری وایە کاتێک دینێک دەرواتە ناو کۆمەڵگایەکەیەوە ئەو کۆمەڵگایە ئاینە کۆنەکەی خۆی لە دەست نادات، بەجۆرێک ئاینە تازەکە وەردەگرێت تەنها

وەک فۆرم، ئەگینا لەڕوی ناوەڕۆک و هێزە رۆحیە ناوەکییەکەیەوە لە سەر ئاینە کۆنەکە دەمێنێتەوە ( عیرفان موستەفا،٢٠١٢) ئەگەر ئەم قسەی لۆبۆن تەوای ڕاست نەبێت بەڵام بەشێک لە ڕاستی تێدایە. ئیسلام ئەوکاتە دێتە کوردستان خاوەن کلتورکی تایبەت بەخۆیەتی وەک ئیبن خەلدون دەڵێت ئەو خاوەن کلتورێکی دەشتەکییە. کوردستانیش خاوەن کلتورێکی شاخاوی یە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر بیروباوەڕی ئاینە کۆنە زاگرۆسییەکانی وەک میترای، یارسانی، ئیزیدی و زەردەشتی یە ، ئەگەرچی ، بەبڕوای محمەد حیجازی هەردوو ئاینی یارسان و ئیزیدی. دەرکەوتەی ئاینی میتران، ئەوان لە دوای هاتنی ئیسلام، بەهۆی نەمانی ئاینی زەردەشتیەوە جۆرە ئازادییە کە کۆمەڵگای کوردی وەریدەگرێت، ئەم دوو ئاینە وەک دەرکەوتەی نوێی میترای دەردەکەونەوە سەرلەنوێ لە ناو شوێنە جیاوازەکانی کوردستاندا، بەتایبەت ئەو جێگانەی کە دورە دەستن و بەئاسانی ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت (**محەمەد حیجازی،٢٠١٢**

لە کۆتایدا بەرکەوتنی هەردوو کلتوری زاگرۆس و کلتوری بیابان/ ئیسلام و ئاینە زاگرۆسیەکان، نزیک بە سێ سەد ساڵ دەخایەنێت هەتا تەواوی کۆمەڵگای کوردی دەبێت بە موسوڵمان وئیسلام قبوڵ دەکات ، لەم بارەوە ڕۆبەر ڕایلی باوەڕی وایە، "کاتێک ئیسلام دەگاتە ناوچەکانی سوریا و عێراق و ئێران دوو ڕێگای لەبەردەمدایە یان ئەوەتا کۆی ئەم بیروباوەڕانە لەخۆیدا بتوێنێتەوە، بەجۆرێک وەک ئیسفەنجێک بیان مژێت یان خۆی بگونجێنێت لەگەڵیاندا".Reilly, R. R. (2014,p.35.

ئەگەر تەماشای کوردستان بکەین بە هۆی جوگرافیا سەختەکەیەوە ئاسان نەبوە، بۆ ئەوەی داگیر بکرێت بەڵکو بوەتە جێگەی بەرگرییەکی زۆر، تەنانەت ماوەیەکی زۆر لە ڕابەرانی خەواریج و شوێنکەوتوانی خۆیان داوەتە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان هەندێک پەیمانیان لەگەڵ میرە کوردەکان بەستوەو پێکەوە شەڕی خەلافەتی ئیسلامیان کردوە (لەشکری،٢٠١٢ )

بونی جوگرافیە سەختەکەی و هەم کلتورو فەرهەنگە دەوڵەمەندەکەی وایکردوە کە کلتوری کوردی وئاین و بیروباوەڕەکەی پارویەکی ئاسان نەبێت بۆ ئیسلام لەبەر ئەوە بووە، ئیسلام هەوڵیداوە خۆی بگونجێنێت لەگەڵیدا، لەکۆتایدا فۆرمێک لەدینداری کوردی دروست دەبێت کە ئیسلامێکە دەگونجێت لەگەڵ نۆرم بەها کوردییەکەدا. ئۆجەلان باوەڕی وایە فۆرمی ئیسلامی دەسەڵاتخوازی کە لە سەردەمی ئومەوییەکان و وەدواتریش عەباسیەکاندا پیاە دەکرێت، دەبێتە هۆی پەرچەکردار لەلایەن کوردەوە ئەمەش وادەکات تەریقەتە سۆفییەکان لەسەدەکانی یازدە بەدواوە سەرهەڵبدەن لەناو کوردا ، کە بەڕای ئەو تەریقەتەکان ڕۆحی ئیسلامی بەرگرین دژ بە ئیسلامی دەسەڵاتخوازین (ئۆجەلان،٢٠٠٥ ) بەڵام ئەگەر چی ئەم قسەیە بەشێک لەڕاستی تێدا لەو بارەی کە سۆفیەکان بەشێکن لە ئیسلامی شۆڕشگێری دژ بە ئیسلامی سوڵتەوی، بەڵام وەک مێژوو سەرهەڵدانی سۆفیگەری نەک تەریقەتی، سۆفیەگەری لەناو کورددا زۆر لەوە کۆنترە کە ئێمە بیگەڕێنینەوە بۆ سەدەی یازدە ، لەڕاستیدا ئەوان هەر لە سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە بەغداد و خۆراسان، قوتابخانە سۆفیەکانیش لەکوردستان لەناوچەکانی جیبال، وەک شارەکانی هەمدان،حەلوان، نەهاوەند و قرمستان سەرهەڵدەدن لەسەرەوەش ئەم زانیارییەمان داوە. ( لەشکری،٢٠١٢ ) گروپە سۆفگەرییەکان ودواتر تەریقەتە سۆفیەکانی سەدەکانی یازدە بەدواوە، لەگەڵ هێزە شاراوەکەی ئاینە کوردەیەکانی وەک میترایزم ، یارسان و ئێزیدی و چەندین فۆرمی دینداری ترو بیرو باوەڕ پێکەوە کاریگەرییان لەسەر ئیمانداری/ ئیسلامی کوردی هەیە کە دەکرێت دەرکەوتەکانی بەخاڵ لێرەدا ڕوونبکەینەوە.

**لەم ڕووەوە ئێمە چەند خاڵیک ئاماژە پێ دەدەین وەک دەرکەوتەکانی ئیسلامی کوردی**

. ئیسلامی کوردی لەسەر ڕەوتی سۆفیەگەرێتی خۆی بونیاد دەنێت، بەجۆرێک سۆفیەگەری لەناو کۆمەڵگای کوردیدا نەک دەبێتە فۆرمی ئایینداری/ ئیسلامی کوردی بەڵک و دەبێتە لانکەیەک بۆ دروستبونی چەندین قوتابخانەی سۆفیگەرێتی کەزۆربەیان دامەزرێنەرەکەیان کورد بون، لەوانە خەڵوەتی، سۆهرەوەردی، خالدییە، قادریە وچەندین سۆفی گەورەی وەک

sjh@univsul.edu.iq

جونەیدی بەغدادی پێش ئەوەی بچێتە بەغداد، مەمشاهدی دینەوەری، قرمسانی .... مەولانا خالید و مارفی نۆدی و بنەماڵەی سیراجەدین و شێخ تەهای نەهری و، نەورۆسی و .......هتد

. ئیسلامی کوردی کاریگەری ئاینە کوردییەکانی پێش-ئیسلام وەک میترایزم، زەردەشتی و یارسان و کاکەی لەسەر بووە، بەجۆرێک هەندێک ڕەفتارو پەیوەندی کوردەکان لەگەڵ سروشت و ژینەگەکەیاندا ڕەفتارگەلێکن کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، لەوانە سوێند خواردن بە هەتاو، ڕوناکی، کە ئەمە نەریتێکی ئاینی میترایزمەوە مێژوەکەی بۆ چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕیتەوە. ڕێزگرتن لە سروشت، دار نەبڕین لەهەندێ ناوچەی کوردستان، نەبونی فرەژنی بەتایبەت لەئەو ناوچانەی کە هەتا ئێستا کاریگەری بیروباوەرەکانی پێش ئیسلامی لەسەر ماوە لەوانە ناوچەکانی هەورامان لە هەردوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشور، هەروەها عەلەوییەکانی ناوچەی دەرسیمی باکوردی کوردستان. ژن نەکوشتن و بەڕێزەوە تەماشاکردنی ژن لەناوچە دورەدەست و گوند نشینەکان.

. پیرۆزڕاگرتنی شەوی یەڵدا کەشەوی دابەزینی خواوەند میترایە، لەگەڵ یاکردنەوەی پیر شالیار سەردانی گۆڕ وچەندین مەراسیمی ئاینیتر کە مێژوەکەیان هی پێش هاتنی ئیسلامە.

. یەکسانی ژن و پیاو، لەوانە ژن مافی هەبوەو هەیە ببێت بە گەورەی خێڵ و عەشیرەتەکان، سوارچاک و سۆفی هەبوون لەوانە فاتیمەی کچی ئەحمەد ئەلکوردی، فاتە ڕەش، بەتورکی قەرە فاتم ئینگلزییەکان پێیان دەگوت بلاک فاتم. هەوداد خاتون، دەیفا خاتونە، کە بە سەفیە خاتونیش بەناو بانگە. بۆ نمونە لە خانەقاکەی شێخ موحەمەدی سەرگەلودا، کە ئەهلی حەقە کە لقێکی جیابوەیە لە تەریقەتی نەقشبەندی، لەناو حەوزی مزگەوتەکەیدا ڕێگەی دراوە بە ژن وپیاو پێکەوە خۆیان بشۆن، ڕێگە بەسەگ دراوە بێتە ناوی ئاوەکەوە، تەنانەت پیاوان جلی ژنانیان لەبەر کردوە، ژن وپیاو لە میراتدا وەک یەک مافیان بەرکەوتوە، لە کاتێکدا کۆی ئەم ڕەفتارو نەریتانە رێگەی پێ نەدراوە لەلایەن شەریعەتی ئیسلامی و بەپێی شەریعەتی ئیسلام ڕێگە پێ نەدراوە. بڕوانە.(Bruinessen, M. M. (1998,p.7.

. پیرۆزی ئاگر لەناو ئیسلامی کوردیدا، کوردەکان بە پیرۆزەوە تەماشای ئاگر دەکەن هەتا ڕادەی پەرستش.

. شیعرو ئەدەبیاتی کورد بە پێچەوانەی ئەورووپاوە لەحوجرەکاندا سەری هەڵداوە، مەلاو سۆفی و شێخەکان یەکەم کەس بوون هۆنراوەیان نوسیوە. بەحەرام و کوفریان نەدەزانی لەدەرەوەی زمانی عەرەبی و بەزمانی خۆیان شیعر بنوسن . تەنانەت ئەو بناغەی کە لە خانەقاکانەوە هۆنراوەی کوردی پی نوسرا، دواتر بوو بە بنچینەی دیالکتیکی زمانی کوردی. تەنانەت یەکەم داستانی خۆشەویستی لە ناو کوردەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدە کاتێک سۆفیەکی گەورەی کورد، ئەحمەدی خانی یەکەم داستانی خۆشەویستی دەنوسێت کە دەکرێ بەراورد بکرێت بە ڕۆمیو جولێتی شکسپیر.

- **چاپتەری دووەم**

**شوناسی ئیسلامی هاوردە وەک هەژمۆنیەت**

فۆکۆ دەپرسێت ئێمە کێین، ئێمە چۆن خۆمان دەبینین و ئێمە هەستدەکەین دەبێت چۆن بین. ئەم پرسە دوورە لە هەڵبژاردنی تاکەوە. بەڕای فۆکۆ ئەمە بەرهەم هێنانی هێزە، فۆرمی حوکمداریی تایبەتمەندێتی لیبرال دیموکراسی مۆدیرنە. مەبەستی فۆکۆ ئەوەیە کە گۆڕانێک و گۆڕانکارییەک هەیە لە پیادەکردنی دەسەڵات لەدونیای مۆدێرندا. زیاد لەوەی کە پیادەکردنی دەسەڵات سنوردار کرابێت لەلایەن دەسەڵاتخوازی سەروەرەوە، هێز لەئەمڕۆدا بڵاودەبێتەوە لە ڕێگەو میانەی پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکانەوە. جیا لەوەی هێز ئاراستە بکرێت لەلایەن بریکارە دەرەکییەکانی وەک حکومەت و کڵێسا) وە. ئەمڕۆ تاکەکان هاندراون و ناچارکراون کە خۆیان ڕێکخەن و وەدڵیابن لەوەی کە ڕەفتارەکانیان کەوتۆتە ناو بەها قبوڵکراوەکانەوە. ئەوەی کە ئەنتۆنی گیدنس ناوی دەبات بە "پەرچدانەوەی خۆی' وە فۆکۆ لەتیرمێکدا ئەمە دەخاتە ڕوو لەژێر ناوی چاودێریکردنی خۆی و خۆچاودێری خستنەسەر.( Buckingham, D. 2008 )

ڕەنگە فۆکۆ باشترین فەیلەسوف بێت لەدوای نیچە کە چەمکی هێز لەدونیای مۆدیرندا ڕونکدربێتەوە، بەباوەری فۆکۆ هێز لەدونیای نوێدا گۆڕاوە چیتر ناتوانین بەو ڕوانگە نەریتیە بۆ هێز بڕوانین کە پێشتر هەبوە، بەوەی هێز تەنها لەدەستی حکومەت و دەوڵەتێکی دەسەڵاتخوازو تۆتالیتاردا یان کڵێسادا گیری خواردبێت ، ئەمڕۆ ناوندگەلێکی زۆر هەن کە مومارەسەی هێز دەکەن، لەوانە زیندانەکان، زانکۆ و قوتابخانەکان، دامەزراوەکانی ئامارو سەرژمێری .Foucault, M. (2019) .

ئەگەرچی لە ڕۆژگاری فۆکۆدا کڵێساکان لەوە کەوتون کە ناوەندی پیادەکردنی هێزبن بەڵام بەراورد بە دونیای ئیسلامی، مزگەوتەکان یەکێکن بگرە نزیک بە باڵاترین ناوەندەکانی پیادەکردنی دەسەڵاتن، بەتایبەتیش پاش داگیرکردنیان لەلایەن هێزە ئیسلامگەراکانەوە، ئەمڕۆ مزگەوتەکان چیدی شوێنێک نین بۆ خودا پەرستی بەڵکو ئەوان جیێگایەکن کە گوتاری هەژمۆنی/ داگیرکاری لێوە بەرهەم دێت، ئەوان جێگایەکن بە تێگەشتنە فۆکۆیەکەی دەسەڵاتی لێوە پەخش دەبێت و مەیلی کۆنترۆڵکردنی هەیە، بانگخوازەکان و مایکی بانگخوازەکان تەنها پەیام نانێرن بەڵکو دەسەڵاتیش بەرجەستە دەکەن و چۆن بیانەوێ و بخوازن بەو شێوەیە کۆمەڵگا ئاراستە دەکەن، مزگەوت و ئەو گوتارەی کە لە زۆربەی مزگەوتەکانی باشورەوە بەرهەم دێ ئەو هێڵە دەکێشێت کە دەبێت تۆ لەناویدا بجوڵێیتەوەو مومارەسەی مافەکانی خۆت بکەیت. خۆت کۆنترۆڵ بکەیت و ببیت بەچاودێر بەسەرخۆتەوە.

ئەمڕۆ شوناسی ئیسلامی هاوردە لەوە دەرچوە تەنها فۆرمێکی ئیمانداریش بێت و بیەوێ جێگەی خۆی بکاتەوەو خۆی پیادە بکات، بەڵکو ئەو بوەتە گوتارێکی هەژمۆنی و وەک دوا-حەقیقەت خۆی پشاندەدات، کار لەسەر فراوانکردنی گۆڕەپانی خۆی و بچوککردنەوەی گۆڕەپانی ئەوانیتر دەکات. ئەو ڕێگاو ئامرازانە بەکار دەهێنێت کە گوتاری داگیرکاری/ کۆلۆنیالیزم لەڕێگەیەوە بڵاوبویەوە. لەم بارەوە فەیلەسوفی ئیتالی مارکسی ئەنتۆن گرامشی باوەڕی وایە کە هەر ئایدۆلۆژیایەک بۆ ئەوەی بێتە گوتارێکی هەژمۆنی پێویستی بەسێ ناوەند و ئامرازە ئەوانیش دەوڵەت ، پەروەردە و میدیا، Gross, J. (P. (2015)

وەک دەبینین شوناسی ئیسلامی هاوردە لەناو پەروەردەدا سەرقاڵی بڵاوەکردنەوەو جێبەجێکردنی کۆمەڵێ سروت و بەهای ئیسلامین کە هەمویان بەشیکن لەشوناسی ئیسلامی هاوردە. لەوانە سەلامو عەلەیک لە پۆل و مەکتەبەکاندا لەبری ڕۆژ باش بەیانی باش، دابەشکردنی حیجاب، نیقاب و قورعان لەناو زانکۆو پەیمانگاو ناوەندەکانی خوێندندا. جیاکردنەوەی کچان وکوڕان لە قوتابخانەکاندا هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی ئیدارەی مامۆستای کچ و کور لەیەکتر. پەراوێزخستن و بە کوفرکردنی وانەکانی هونەرو موۆسیقا. حەرامکردن و دەرکردنی فتوا دژ بە سورتە نیشتیمانیەکانی وەک ئەی ڕەقیب و نەورۆز و بۆنە نیشتیمانیەکان، هەڵنەسان لەبەردەم بەرزکردنەوەی ئاڵا. پشاندانی جلی کوردی ژنان وەک جل و بەرگی ناشەرعی، لەپاڵ ئەمەدا بەشەرعیەتدانی جل و بەرگی ئیخوانی نیقاب لەوانە ئەمینداری یەکگرتوو لەفیستیڤاڵی تاجی زێریندا وتی " پیرۆزتان بێت جلی ڕەسەن و ئەخلاقی کوردەواری" لەکاتێکدا ئەم جل و بەرگەی هێزێکی وەک یەکگرتوو لە فیستیڤاڵەکانی تاجی زێریندا دەیکەنە سەر کچانی کورد ، جل و بەرگی ئیخوانیەوە لەجل و بەرگی ژنەکەی ئەردۆغانەوە وەرگیراوە، کە حیجابێکی سەوزی درێژە لەگەڵ ڕەفتەیەکی پەمەیی کە توند ئاڵاوە لە سەری.

ئەکتەکانی ئیسلامی هاوردە ئەکتێکی هەژمۆنی داگیرکارە، لەپشت مەیلە داگیرکارییەکەیەوە چەندین گوتاری هەڵاوێردن هەیە بەرامبەر ئەوانیتر، بۆ نمونە، باڵاپۆشین پێناسە دەکات وەک تاجی زێرین، شەرەف، ئەخلاق و پارێزراو و پاک، ئەمە

sjh@univsul.edu.iq

ڕاستەوخۆ پێدانی هەمان سیفەتی پێچەوانەیە بەئەوانەی کە نایەنە ناو ئەم بازنەی باڵاپۆشییەوە، ئەم ڕێگا هەمان ڕێگای کۆڵۆنیالیزم بوو کە لە ئەفریقا، بەڕای فرانتس فانون لە دیدگای پیاوی سپیدا یەک زۆن هەیە ئەویش زۆنە بۆ پیاوی سپی، مرۆڤی ڕەش پێست زۆنێکیان نیە هەتا تێیدا بژین .(Fanon, F. (2023) ئیسلامی هاوردەش لە فیستیڤاڵەکانی باڵاپۆشیدا وێنای یەک زۆن دەکێشێت ئەویش زۆنە بۆ ئەو کچ و ژنانەی بەشداری تاجی زێڕن دەبن، ئەم زۆنە زۆنی ئەخلاقە، زۆنی پاک وئیمانداری و بێ گەردییە، دەرەوەی ئەم زۆنە بێ ئابڕوی و بێ ئیمانییە. چون لەگەڵ پۆشینیدا گوتارێک ئامادەگی هەیە ئەویش گوتاری جیاکردنەوەی کۆمەڵگایە لەنێوان ئەخلاق و نائەخلاقدا جوان و ناشریندا، خودا پەرست وبێ دیندا. ئەم وێناکردنە و پێدانی شوناسە بەئەویدی وەک ئەوەی کە خۆت دەتەوێت نەک وەک ئەوەی کە ڕاستی ئەو چی یە، ئەم پرۆسەی ناساندنە جۆرە بیرو باوەڕو نۆرم و ئەخلاقێک بەرهەم دەهێنێت، کە دواتر کەسی داگیرکراو بێ ئاگایانە وەک کۆنکریت و نەگۆڕ و ڕاستییەک مامەڵەی لەگەڵ دەکات. وەک ئەوەی فانون ناوی دەبات بە شۆردنەوەی زهنی . ئەم وێنانە دەبن بە بەشێک لە ژیانی داگیرکراو بەجۆرێک ژیان و هزی بەڕێوەدەبەن. ئەمڕۆ ئەو کچەی نیقاب یان تاجی زێڕینی دەکرێتە سەری، حەقیقەت و ڕەسانەیەتی خۆی ناناسێت چون وەک فانون دەڵێ کار لەسەر شۆردنەوەی کراوەو بوەتە شتێکی دی، ئەو باوەڕی وایە ئەو جل و بەرگەی ئەو لەبەری دەکات جل و بەرگێکی ڕەسەنی کوردەواریە چونکە وافێرکراوە.

بەڕای فانون داگیرکاری تەنها لەڕێگەی ئابوریەوە نایە بەڵکو زمانیش بۆخۆی هێزی دەسەڵاتە بۆ باڵادەستبون بەسەر ئەوانی تردا کە تێیدا ئاگایی ئەوانیتر ئاڵۆز دەکات.Siphiwe Ndlovu, 2017 . لێرەوە پرۆسەی نواندن و خستنەڕوو کارێکی زمانەوانی یە لەمیانەی قسەکەرو گوێگرەوە دروست دەبێت، بەجۆرێك کەسێك دەبێت بە قسەکەرو ئەویتر بە گوێگر، کەسێک بە مامۆستاو ئەویتر بە قوتابی، کەسێک فێرکارو ئەویدی فێرخواز. کچێکی تازە پێگەشتوو کەتاجی زێرینی دەکرێتە سەر ناچار دەبێت خۆی بداتە دەست ئەم تەوژمەوە لە هەژمۆنیەتی ئیسلامی هاوردە، چونکە ئەو هێزەی ئەمڕۆ بەناوی ئیسلامی هاوردەوە قسەدەکات، زمانی پیرۆزی هەڵگرتوە ئەو کتێبی پیرۆزی هەڵگرتوە، بەناوی موقەدەس و پیرۆزییەوە قسە دەکات. وەک چۆن مەسیحیەت بەشێک بوو لە وەسیلەی داگیرکاری ئەوروپاییەکان لەسەدەکانی پازدە بەدواوە ئاواش ئیسلام باشترین ئامرازی هەژمۆنییە بەدەست ئیسلامی هاوردەوە بۆ داگیرکاری کۆمەڵگای کوردی وە لەپێش هەمویەوە شوناسی ئیسلامی کوردی.

- **ئاڵۆزبونی شوناس و مەترسیەکانی شوناسی ئیسلامی هاوردە**

بەم دوایانە ئاوڕدانەوەیەکی گەورە هەیە لەناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان دین و شوناسەوە. لەکاتێکدا دین گرنگی دەدای بە بابەتەکانی وەک باوەڕ، پەیوەندی ڕۆحی، ڕەوشت، کە بێگومان کۆی ئەم دیاردانە کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتارو بیرکردنەوەی تاک، لەسەرێکی کەوە دین ڕۆڵی تایبەتی هەیە لەژیانی تاکدا هەم لەڕوی مەعنەی هەموی لەڕویی بەرجەستەوە، دین کاریگەری لەسەر ڕەفتارو هەڵس وکەوتی تاک دەکات و ئاراستەیان دەکات. ئەم ڕەفتارانە کە بۆ چەندین ساڵ دەمێننەوە دەچنەوە ناو میمۆری ئەخلاق و ڕەفتاری کۆمەڵگا دواتر دەبن بە بەشێک لەشوناسی مرۆڤەکان. Oppong, S. H. (2013,p.10)

ماڵ باس لەئەوە دەکات کەچەمکی شوناس لەناو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ دوو مەبەست بەکار هاتوە یەکەم ، ئەوەیە کە چەمکی شوناس مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەی جیری/نەگۆڕی دەکات. یان لانیکەم گۆڕانێکی هێواشە، سەرەڕای کاریگەری ڕۆڵی هەمە جۆری مۆدێلەکان.Oppong, S. H. (2013,p) ئەم بۆچونەی ماڵ دروستە بەو مانایەی کارکردن لەسەر دروستکردنی شوناس بۆ خۆی پرسەیەکی مێژوییەو کاتی پێویستە، ئەوە دروستە کە کارکردنی ئەمڕۆی ئیسلامی هاوردە ئەگەرچی زۆر خێرایەو بەهێزە بەڵام کاریگەریان لەناو شوناسدا لەسەر خۆیە ئەمەش پەیوەندی بەسروشتی شوناسەوە هەیە کە خۆی سروشتێکی جیری هەیە و کاتی پێویستە هەم بۆ گۆڕینی هەم بۆ دروستبونی، بەڵام ئەمە بەو مانایە نەیەت کە هەست بە

sjh@univsul.edu.iq

دەرئەنجامی کارکردنی ئیسلامی هاوردە نەکەین لەدروسبونی شوناسێکی توندڕەو داخراو کە ئیسلامی هاوردە سەرقاڵی دروستکردنێتی . ئەمڕۆ لەزمانی مینبەری مزگەوتەکانەوە بۆ زمانی مامۆستای قوتابخانەکان لە زمانی چاخانەکانەوە بۆ زمانی سەر فەیسبوک ئێمە درک بە بون و بڵاوی ئەم شوناسە دەکەین بەجۆرێک هەنگاو بەرەو داهاتویەک دەنێین کە شوناسی ئیسلامی هاوردە دەبێتە فۆرمی ئیمانداری/ موسوڵمانی ئێمەو دواتر کارکردن بۆ گۆڕینی زۆر قورس دەبێت چون دەبێتە بەشێک لەشوناس.

بەبڕوای زیگموند باومان لەئەمڕۆدا شوناس زۆر کێشە ئامێز بووە. جیهانگیری، پوکانەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەران، زیادبونی جوڵەی کۆمەڵایەتی، جیریبەکی زۆر لە گەشەپێداندا هەروەها نائارامی و نا ئاسایشی لە پەیوەندییە شەخسیەکاندا. هەموو ئەم دیاردانە هاوبەشیدەکەن و بەشدارن لە هەستکردنی بە پەرش و بڵاوی و نادڵنیای، کە ئەمان هەمویان هاوبەشیدەکەن لەدۆخی شوناسدا کە تێیدا چیتر سەرچاوە نەریتیەکان لە دروسکردنی شوناس دادپەروەرو ڕاست نین بەئاسانی دەستنادەن. Buckingham, D. 2008,p.1).

باومان دەیەوێ پێمان بڵێت کە شوناسی نوێ لەبەردەم تەحەدی نوێ دایە، وەک خۆی ناوی دەنێت بە شلوێبونەوەی شوناس. شوناسی ئیسلامی کوردیش وەک شوناسی نەتەوەیەکی موسوڵمان دەکەوێتە ژێر کاریگەری نۆرمە باوەکانی جیهانگیری و دونیای سەرمایەداری نیۆ- لیبرالیزمەوە، کە تێیدا شوناسی ئیسلامی پەرگیر و سەلەفەی / ئیسلامی هاوردە کە یەکێکە لەدیاردەو نۆرمە تازەکانی ئەم دونیا نوێیەی کە جیهانگیری خولقاندوێتی وەک ئۆلیڤەر ڕوا دەڵێت جیهانگیری تەنها دیموکراسی وئازادی تاکی بڵاونەکردەوە بەڵکو ئیسلامی ڕادیکالیشی بڵاوکردوە. ( Roy, O. (2014 ) بەجۆرێک ئەمڕۆ گەنجان تەنها ناکەونە ژێر کاریگەری گۆرانی هیپ هۆپ و هونەرەکانی ڕاپەوە بەڵکو ئیمانی خۆشیان ڕوپۆش دەکەن بە ئەو جۆرە لەدینداریيە مارکێتیەی کە ئەمڕۆ بڵاو دەکرێتەوە. هەر لە ڕیشەوە بۆ دەرقاچەو نیقاب و سەرپۆش، گوێگرتن لە جۆری قورعان خوێندن. لەم بارەوە دەکرێ دەرکەوتەکانی ئەم فۆرمە لەئیسلامی هاوردە لەم چەند خاڵەدا ڕوونبکەینەوە.

. ئەم فۆرمە لەدینداری هیچ پەیوەندییەکی بە کلتوری کوردەوە نییە لەدەرەوەی کلتوری کوردەوە هاتوە.

. زیاتر کار لەسەر ڕواڵەتی مرۆڤی موسوڵمان دەکات لەوانە پۆشینی جل و بەرگ، جۆری دەستگرتن، چۆنیەتی قورعان خوێندن.

. توندو تیژە بەرامبەر بە ئاین و مەزهەبەکانیتر، داوا دەکات کە جودا بکرێنەوە لەکۆمەڵگای ئیسلامی ئەوێش لەڕێگەی بەشدارینەکردن لە یادو بۆنەکانیان

. بۆ پاڵپشتی گوتارو ئارگومێنتەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ بانگخوازە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان.

لە وانەکانیاندا دوو کتێبی عەبدولوەهاب کە ئەوانیش بریتین لە کتێبی تەوحید، .چوار بنەماکەی شیرک دەخوێنرێت، کە ئەم دوو کتێبە هاوشانی کتێبەکەی سەید قوتب وەک مەنهەجی تیرۆر دانراوە.

. لەوتارەکانیاندا دژ بە مۆسیقا هونەر و شیعرو جۆرەکانی ئەدەبن.

دژ بە بەشداری بۆنە کوردیەکان دەوەستنەوە لەوانە نەورۆز، یادی ئەنفال، هەڵەبجە، ڕۆژی ئاڵا، ڕاپەڕین دەیان بۆنەی تر.

. ناوی بانگخوازەکانی خۆیان لەسەر وەزنی زمانی عەرەبی دەنوسن و نازناو بە خۆیان دەدەن لەوانە ئەکرەمی ئەلکوری، سەعید ئەلکوردی ، تەڵحەی ئەلکوردی

. ناوی منداڵەکانیان عەرەبین و قورعانین.

sjh@univsul.edu.iq

. دەستەواژەی پەیوەندی و سڵاوەکانیان بە عەرەبی دەکەن و هەوڵدەدەن بیکەن بەرەسمی لەناو قوتابخانەو فەرمانگەکاندا. لەوانە سەلام وعەلەیک، ئەلحەمدو لیلا، بۆ نمونە لە دە ساڵێ ڕابردوەوە هەتا ئێستا زۆربەی بەیانی باشی قوتابخانەکان گۆڕاوە بۆ سەلام و عەلەیک.

**● دەرئەنجام**

ئەو بابەتەی هەتا ئێستا نەهاتوەتە ناو بواری ئەکادیمی و زانکۆکان و تویژینەوەی لەسەر نەکراوە ئەویش شوناسی ئەو دینداریە/ ئیسلامییەیە کە کوردەکان هەڵیانگرتوە، کە ئەگەرچی لەڕویی پراکتیکەوە دەبینین کە ئیمانداری کوردی جیاوازە لەئیمانداری ئەوانیتر ، بەجۆرێک ئەو فۆرمە ئیسلامە کە لەناو کوردا هەیە کراوەتر، لێبوردەتر و ئازادتر بوە هەتا ئەو فۆرمە ئیسلامەی کە لە لایەن نەتەوە موسوڵمانەکانی چواردەوەریان هەبوە، بەڵام ئەم درکەو ئەم حەقەیقەتە هێشتا نەبوەتە کاری ئەکادیمی، واتە توێژەران ئاوڕیان لێی نەداوەتەوە.

لێرەوە فۆرمی ئاینداری کوردی بەشێکە لەکلتوری تاکەکانی کورد، ئەویش ڕۆشتوتە ناو شوناسی گشتییەوەو هەم بوەتە شوناسی ئیسلامێتی کوردی فۆرمی ئیمانداری ئیسلامی کوردی هەم لەئاستی گشتیشدا بوەتە بەشێک لەشوناسە گشتیەکەی کورد، ئەم شوناسە ئیسلامیە لە پراکتیکەکردنی چەند سروتێکی کوردیدا نەماوەتەوە بەڵکو جیاوازییەکانی شوناسی کورد دەردەخات و وەک شوناسێکی سەربەخۆ خۆی دەردەخات و خۆی مانیفستۆ دەکات لە گەڵ شوناسی ئیسلامی ئەویتردا.

کورد بۆ ئەوەی خۆی بناسێت و خۆی جودا بکاتەوە لەئەویتر ناتوانێت تەنها لەڕێگەی زمان و جل و بەرگەوە ئەم کارە بکات، بەڵکو دەبێت فۆرمی ئاینداری بەتایبەت ئیسلامەتیەکەشی جودا بکاتەوە لە ئەوانیتر و لە ئەوانیتر نەچێت، چونکە بۆ دۆخی کورد کە هەتا ئێستاش وەک نەتەوەیەکی داگیرکراو ماوەتەوە لە ژێر دەستی نەتەوە موسوڵمانە باڵا دەستەکانی ناوچەکەدا، وەک تورک، فارس، عەرەب زۆر گرنگە فۆرمی ئیسلامییەتەکەی جودا بێت و شوناسە ئیسلامییەتەکەی جیاواز بێت لە ئەوانیتر، بە پێچەوانەوە هەموو هەوڵێک بۆ یەککردن ویەکڕەنگکردنی ئیمانداری ئیسلامی کوردی لەگەڵ فۆرمی ئیمانداری ئەوانیتردا دەبێتە هۆی سڕینەوەی بەشێک لەشوناسەکەیان، چونکە بەشێکی زۆر لەدەرکەوتەی ڕوانین و دونابینی کوردی بۆ مەزهەو دینە جیاوازەکان، بۆ ژن، بۆ سروشت، چەمکگەلەکانی وەک لێبوردەی و ئازادی و پێکەوەژیان لەناو شوناسە ئیسلامە کوردییەکەیدا خەوتوە.

هەموو هەوڵێکی بەیەککردن و یەکسانکردنی شوناسی ئیسلامی کوردی بە شوناسی ئیسلامی ئەوانیتر هەوڵێکەوە بو وێرانکردنی ئەوشوناسە ئیسلامییە کوردییە.

لەڕویی مێژوییەوە، لەپەنجەکانی سەدەی ڕابوردا کە یەکسانە بە مێژوی دورستوبونی یەکەم شانەکانی ئیسلامی سیاسی لە هەڵبجەو خورماڵ، وەدواتر کارکردنیان بەرەسمی لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا دەکرێ وەک یەکەم گورز وێنا بکرێ کە بەر فۆرمی ئیسلامی کوردی کەوتوە، کە ئەم هێزە ئیسلامگەرانە ویستویانەو دەیانەوێت جیاوازییە کلتوری ژیارییەکانی کورد لەگەڵ ئەوانیتردا بسڕێتەوەو کار بۆ تێکشکاندنی ئەو بەربەستە کلتورییانە دەکەن. لە خۆڕا نەبوو ئیسلامی سیاسی لەدوای نەوەدەکانەوە یەکەم گروپ کە چەکی ئایدۆلۆژی بەڕویدا بەرزکردەوە ئەوان سۆفیەگەرێتی و ئیسلامە کوردییە خۆماڵییە بوون، هەوڵی بە بیدعە کردنی سۆز و حاڵ لای سۆفی و دەروێشەکان، هەروەها بە بیدعەکردنی سەردانی گۆڕی پیاوچاکان دواتریش سوکایەتیکردن بە شێخەکانی سیراجەدین و هەتا لە گۆڕ دەرهێنانیان هەموو یەک پاکێج بوو بۆ لێدان لە شوناسی ئیسلامی /ئاینداری کوردی.

sjh@univsul.edu.iq

- **ڕاسپاردەکان**

بەهۆی ئەوەی دین بەرکەوتەی لەگەڵ مرۆڤ و کۆمەڵگادا هەیە وە لەسەرێکەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاو کلتوری کۆمەڵگا بەجێ دێڵێت وە لەسەرێکیشەوە کۆمەڵگاو کلتورەکەی کاریگەری خۆی لەسەر دین دادەنێت و بەجێ دێڵێت لەبەرئەوە باشترەو دین و تایبەتیتریش دینداری بخرێتە دەستی کۆمەڵناسی و فەلسەفەوە بەتایبەت ئەو کێڵگەی کە ناو دەبرێت بە کێڵگەی کۆمەڵناسی دین و فەلسەفەی دین.

ئیسلامی کوردی تەنها خۆی لەچەند سروت و تقوسێکی دینیدا نابینێتەوە بەڵکو ئەو بوەتە شوناسی کوردی و خۆی گونجاندوە لەگەڵ شوناسی کوردیدا، بەجۆرێک ئیسلامی کوردی لە ڕویی سیاسییەوە تێکەڵ بەبزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بوە، لەڕوی کلتوریشەوە ڕۆڵی هەبوە لەکرانەوەی کلتوری، بەجۆرێک ئیسلامی کوردی کراوەیە بەڕوی ئاین بیروباوەڕەکانی تری کوردستان، لەهەمانکاتدا کراوەیە بەڕوی ماف و ئازادییەکانی ژناندا، لەبەر ئەوە باشترە حکومەتی هەریم زیاتر خۆی بەڕوی ئەم جۆرە دینداریەدا بکاتەوە و لەبەرامبەریشدا کەمترین بۆشای بکاتەوەو بەجێ بهێڵێت بۆ ئیسلامی هاوردە.

ئیسلامی کوردیی لەبەردەم هەڕەشەی جێگرتنەوەدایە لەلایەن فۆرمێک لەدینداری توندو نامۆ بەکۆمەڵگای ئێمە ئەویش ئیسلامی هاوردەیە، ئەم فۆرمە لە ئیسلام ئەگەر ڕێگەی پێ نەگیرێت ئەوا دەستکاری ستراکتۆری کۆمەڵگای ئێمە دەکات و دەیگۆڕێت بەجۆرێک لە کۆمەڵگایەکی لیبوردەو کراوەوە بۆ کۆمەڵگایەکی توندڕەو داخراو. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوە پێشنیار دەکات بۆ وەزارەتی ئەوقاف و پەروەردەوە کە هۆشیاری خۆیان بەخوێندکارو تەواوی کۆمەڵگای کوردی بدەن کە بە ئاگا بن لەم فۆرمە لەینداری کە لەدەرەوەی پێودانگە کلتوری و فۆرمە ئیمانداریە خۆماڵیەکەی کوردەوەیە.

**سەرچاوەکان**

Susen, S., & Turner, B. S. (Eds.). (2011). *The legacy of Pierre Bourdieu: critical essays*. Anthem Press.

Berger, P. L. (2001). Reflections on the sociology of religion today. *Sociology of religion*, *62*(4), 443-454.

Oppong, S. H. (2013). Religion and identity. *American International Journal of Contemporary Research*, *3*(6), 10-16.

Van Bruinessen, M. M. (1998,.). .

Buckingham, D. (2008). *Introducing identity* (pp. 1-24). Chicago: MacArthur Foundation Digital Media and Learning Initiative.

Saeidi, F. (2023). The Early Sufi Tradition in Hamadān, Nahāwand, and Abhar: Stories of Devotion, Mystical Experiences, and Sufi Texts. *American Journal of Islam and Society*, *40*(3-4), 104-135.

Van Bruinessen, M. M. (1998). The Kurds and Islam.

Weismann, I. (2007). *The Naqshbandiyya: Orthodoxy and activism in a worldwide Sufi tradition*. Routledge.

Hoover, K. (Ed.). (2004). *The future of identity: Centennial reflections on the legacy of Erik Erikson*. Lexington Books.

Zubaida, S. (1995). Is there a Muslim society? Ernest Gellner's sociology of Islam. *International Journal of Human Resource Management*, *24*(2), 151-188.

Wood, G., & Keskin, T. (2013). A New Introduction Sociology of Islam: Social, Political and Economic Transformations in Muslim Societies. *Sociology of Islam*, *1*(1-2), 1-6.

Roy, O. (2014). Holy ignorance: When religion and culture part ways. Oxford University Press, USA. •

Reilly, R. R. (2014). The closing of the muslim mind: How intellectual suicide created the modern islamist crisis. Open Road Media. •

Ahmed, B., & Wahed, A. J. N. (2020). The Life and Political Role of Kurdish Women in the Ottoman Empire. *IIUM Journal of Religion and Civilisational Studies*, *3*(2), 139-153.

Foucault, M. (2019). *Power: the essential works of Michel Foucault 1954-1984*. Penguin UK.

Gross, J. P. (2015). Education and hegemony: The influence of Antonio Gramsci. In *Beyond critique* (pp. 51-79). Routledge

. Siphiwe Ndlovu 2017, Fanon, F. The Concept of Alienation in the Work of.

• Zakaria, F. (2007). The future of freedom: illiberal democracy at home and abroad (Revised Edition). WW Norton & Company.

Fanon, F. (2023). Black skin, white masks. In *Social theory re-wired* (pp. 355-361). Routledge.

فەهمی کاکەی، ٢٠٢٢، گۆڤاری رەوەند، ژ، ٢

موحەمەد حیجازی،شوناسی ئولی و فەلسەفەی نەتەوەی کورد.٢٠١٢، سلیمانی.

لەشکری،٢٠١٢، لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت، سەرهەڵدانی سۆفیزم لەپانتای کوردییدا. •.

**Abstract**

the identity of imported Islam The identity of Kurdish Islam in front of the hegemony of Kurds are one of the oldest nations in the middles east. as zagros people, they have a rich culture of thought and methodology. This identity has left its mark on Islam, so that with the advent of Islam to Kurdistan, the Kurds have not lost their identity. On the contrary they have created a form of Islam is different from the Arabs, Persian Turk and other Muslim nations. Which we call Kurdish Islam in this study In this regard, this study aims to investigate Kurdish Islam based on the sociological theory of religion.

Furthermore, this study aims to discuss the dangers that imported Islam as foreign Islam seeks to dominate over Kurdish Islam based on the theory of occupation /power and hegemony. Based on the method of sociology of religion, Foucault's methods of power and occupation and Gramsci's methods theory of hegemony, this study criticizes the orthodox Islamic view that political Islam and salafism what exists in Islamic societies, so we can find and mention the Islamic –Kurdish forms in the morality and values of Kurdish Muslims. But the both [olitical islamic ideology and salafism intend to import Islamic hegemony over Kurdish Islam and erase all the phenomena and principles that the Kurdish Islam and Kurdish Islamic identity have .manifested them in

In the introduction of this research, the frameworks and parts of this research are discussed. In the methods of this research, the sociology of religion and other methods that have helped in the discovery and introduction of Kurdish Kurdish Islam are presented. In its chapters, this study examines the phenomena of religion and identity, the relationship between religion and identity, and then discusses Kurdish Islamic identity. This concept can be explained scientifically. In the second chapter, imported Islam is explained as a new concept and the dangers of this form religion for Kurdish society are mentioned and confirmed. In the final section of the recommendations, we give our recommendations as a solution to the problem.

**Key words**, Islam, Cultural Islam, Kurdish Islam, Political Islam, Salafism, Islamic Sufism. Hegemony and power.